زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر

کۆلێژی هونەرە جوانەکان

بەشی موزیک

# ڕۆڵی گۆرانی وموزیک لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە

م.چیایی کمال سعدی

مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

Chiey.saddi@su.edu.krd

009647704484557

پ.ی.د.دلاوەر موستەفا محەمەد

مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

dlawer.muhammad@su.edu.krd

009647504456382

پ.د. ناصر هاشم بدن

مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان – زانکۆی بەصرا – عراق

Nasserbadan60@gmail.com

771256992009640

- توێژینەوەیەکی وەرگیراوە (مستل) لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی (گۆرانی وموزیک وبەکارهێنانیان لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری هەولێر) لەزانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیک.

2021 – 2022

# ڕۆڵی گۆرانی ومۆزیک لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە


## پوختە

لەم توێژینەوەدا جەخت لەگرینگی لایەنەکانی ئەنترۆپۆلۆجیا وگەشەسەندنی لەبواری گۆرانی ومۆزیکی کوردی کراوەتەوە لەنێوپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، بەمەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر لەم زانستە، ڕێگا وتیۆر وبیر وبۆچوونە فەلسەفیەکانی هەریەک لە (ئەرستۆ، ئەفلاتۆن، کایزر، برونیسلاف مالینۆفیسکی، ڕاد کلین براون، ڕۆد بەنەدێکت، میللەر..) و چەندین قوتابخانە وکەسایەتی وزانای پەروەردەیی و مۆزیکی کراوە وبۆچوونەکانیان خراونەتە بەرباس ولێکۆلینەوەی ورد، هەروەک ڕوون وئاشکرایە هونەر بەگشتی وگۆرانی ومۆزیک بەتایبەتی زانستێکن کاریگەری ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ناخ ودەروون وهەست وسۆز ومەعریفە وهزری تاک بەگشتی ومنداڵ بەتایبەتتر.

هەروەها دەست خراوەتە سەر دیاریکردن وخستنە ڕووی باشترین ڕێگا پەروەردەییەکان لەکاتی ئەنجامدان وجێبەجێکردنی بابەتە موزیکیەکان لەپەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکان، دواتر چارەسەرکردنی کێشە وکەم وکوڕیەکان لەڕێگەی خستنە ڕووی بیردۆز وبۆچونەکانی هەریەک لەم زانایانەی سەرەوە باسمانکردن. هەموو ئەمانەش لەڕێگەی چەند تەوەرێکی گرینگەوە بەئەنجام گەیەندراون لەناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەمەبەستی گەشەسەندنی موزیکی کوردی وناساندنی لەلایەن نەوەی نوێ و پەروەردەکردنیان پێی. کەتەوەرەکانیش ئەمانەن: ئاراستە تیۆریەکان کەدەبن بەم بەشانە یەکەم/ ئاراستەی بڵاوبوونەوەی کولتوری، دووەم/ ئاراستەی وەزیفی کولتوری، ئەمانیش بریتین لە: وەزیفەی دەروونی- پەروەردەیی، وەزیفەی کۆمەلایەتی، هەروەها لەکۆتایی توێژینەوەکەدا هەڵوەستە لەسەر ئاراستەی کولتوری مەعریفی کراوە.

لەکۆتایی توێژینەوەشدا توێژەران هەڵساون بەخستنە ڕووی دەرەنجامەکان، هەروەها چەند پێشنیار وراسپاردەیەک خراونەتە ڕوو بۆ لایەنی پەیوەندیدارەکان و توێژەرانی دواتر بۆ زیاتر گرینگیدان بەبابەتی گۆرانی ومۆزیکی نەتەوەیی وهۆشیارکردنەوەی بەرپرسانی سیاسی وحکومی لەگرینگی بەکارهێنانی گۆرانی ومۆزیکی نەتەوەیی، فرلکلۆری، میللی لەنێو پرۆسەی پەروەردە وفێرکردندا، لەگەڵ ڕێکخستنی لیستی پەراوێز وسەرچاوە بەکارهێندراوەکان.



**ووشە کلیلەکان**: گۆرانی، موزیک، پەروەردە، فێرکردن، ئەنترۆپۆلۆجیا

# چوارچێوەی میۆدی توێژینەوە ( Introduction )

# الایطار المنهجی

## 1- پێشەکی (مقدمة)

بواری پەروەردە وفێرکردن، لەڕێگای گۆرانی وموزیک ئەگەرچی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر گرینگی پێدراوە وتوانراوە گۆرانی وموزیک لەگشت کایە زانستەکاندا بەکاربهێندرێت وسودی زۆریان لێبینراوە بەگشتی وبەتایبەتیش لە پرۆسەی خوێندن، ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوە لەسەر ئاستی هۆشیاری، ڕەفتاری، دەرونی، هزری، زیرەکی تاک، بەسوود وەرگرتن لەتێڕوانینی زانایانی یۆنانی، توانرا جگەلەبەکارهینانی گۆرانی وموزیک لەناو پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەناو داستان وحیکایەت وئەفسانەکانیشدا بوونی ئەم هوونەرە بدۆزنەوە، دواتریش لەڕێگای ئەو پەیوەندیە مێژووییەی لەنێوان دەنگی مرۆڤ وئامێرە موزیکیەکان هەبووە پەرەی پێبدەن ولەفۆڕمێکی زانستی ودور لەخەیاڵ وگێڕانەوە وئەفسانەکان بەکردەوە (فعلی) بەکاری بهێننەوە لەخزمەت پێگەیاندنی تاک وباشترکردنی سلوکی وبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری (معریفی) کۆمەڵگە (المطلق، 2010: 12).

گۆرانی وموزیک لای گریکیەکان وەک پیرۆزیەک وەک ژیان وەک بەخشینێکی خواوەند ناسرابوو، هەروەک لەلایەن زۆربەی گەلانی تری وەک ( میصریە کۆنەکان ویەهودیەکانیش، هەمان پێگە وپیرۆزیی هەبووە، بەڵام گۆرانی وموزیک لەلایەن گریکەکانەوە وەک دەربڕینێک بۆ زمانی هونەر واتە نەک تەنیا بۆ دەنگ بەڵکو بۆ شیعر بۆ سەما و شانۆ و وێنەکێشان و وەرزشیش بەکار هاتووە. گۆرانی و موزیک توانراوە بۆ دەربڕینی ناخ و هەست و خۆشی و ناخۆشی و ئارامبوونەوەی تاک بەکاربهێندرێت، تەنانەت بەکارهاتووە بۆبەرزکردنەوەی ورە و هێز و تواناکانی سەربازی لەجەنگەکان (تۆماس، ١٩٩٨: ١٠).

لەم ڕوانگەوە گریکیەکان یەکەم گەل بوون هەستیان بەوە کردووە کە گۆرانی وموزیک زۆر گرینگە بۆ پەروەردەکردنی تاک و گۆڕانی سلوکی مرۆیی، جا چ بۆ لایەنی باشە یان خراپەکاری بێت هەڵبەتە ئەمەش بە پێی هەڵبژاردنی بابەتە موزیکیەکان و ئامانجە پەروەردەییەکان دەگۆڕێت، بۆیە گریکەکان هەرزوو لەناو پرۆسەی خوێندندا موزیکیان بەکارهێنا و توانیان تاکەکانی کۆمەڵگەکەیان بەگۆرانی و موزیک و هونەر پەروەردە بکەن (فرید، ٢٠٠٥: ١٢).

لێرەدا چەند پرسیێکی گرینگ دێتە ئاراوە کە گرینگترینیان ئەمانەن: ئایا وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپییەکان توانیان بەماوەیەکی کەم و بەخێراییەکی زۆر گۆرانی و موزیک بخزێننە ناو گشت سێکتەر و زانستەکانیان و لە گشت بوارەکانی ژیاندا سودی لێوەربگرن بەتایبەتی لەبوارەکانی پەروەردە وفێرکردن؟

ئایا وڵاتانی ڕۆژهەڵات، توانیویانە هەست بەم سود و گرینگیانەی گۆرانی و موزیک بکەن و لە گشت بوارەکاندا بەکاری بهێنن، یا زۆر بە درەنگەوە توانراوە بە ڕێژەیەکی کەم لەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا بەکاری بهێنن وسودیان لێ وەربگرن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسانە پشت ئەبەستین بەهەندێک توێژینەوە و پەرتوک و بڵاوکراوە کە کاری جدیان لەسەر گرینگی گۆرانی و موزیک کردووە لە گشت کایەکانی ژیانی تاک بەتایبەتیش لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات وەک: توێژینەوەکەی دکتۆر (محمد احمد محمود الالزعبی) بەناونیشانی (التربية الموسيقية والنشاط الموسيقى) جەخت لە گرینگی گۆرانی و موزیک دەکاتەوە و پێی وایە هەر لەسەرەتای درووست بونی مرۆڤایەتییەوە تا ئەمرۆ، مرۆڤ کاری بەگۆرانی و موزیک کردوە بەهەر شێوەیەک بێ لەشێوەکان هەتا لەیەکەم قۆناغی سەرەتایش بوبێ. واتە گۆرانی و موزیک ڕەنگ دانەوەی هەبوە بەسەر لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەگشتی و لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەتایبەتی. هەروەها دکتۆر صبحی الشرقاوی، رامی نجیب حداد، عزيز الماضي، هاوڕان لەگەڵ بۆچوونەکانی دکتۆر محمد الزوعبی، بەڵام ئەمان زیاتر جەخت لەقوناغی سەرەتایی تاک دەکەنەوە و بەکارهێنانی گۆرانی وموزیک لەناو پەروەردە بەرزتر دەنرخێنن و پێیان وایە کەمناڵ لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی کەقۆناغی باخچەی ساوایان دەگرێتەوە، دەکرێت بەگۆرانی وموزیک فێری هەندێک ڕەفتار (سلوک) و زانیاری بکرێت، هەروەها (على محمد جاسم الشمرى)  موزیک و گۆرانی وەک باشترین وزەبەخش (منشط) دەناسێنێت بۆ جەستەی مرۆڤ و هاوڕایە لەگەڵ بۆچونەکانی ئەفلاتۆن کە دەڵێت: (ان الإيقاع والتوافق يؤثران فى النفس الباطنيه والحياه الانفعاليه للإنسان، بما ينعكس على أعظاء الجسم وأجهزته). واتە موزیک دەتوانی کاریگەری لەسەر ناخی دەرونی تاک دروست بکات و کاریگەری ئەرێنی هەبێت بەسەر بەشەکانی جەستەدا (العطار، ٢٠١٢: ٩).

## 1.2 کێشەی توێژینەوە

کێشەی گرینگی نەدانی هەرێمی کوردستانیش بەگۆرانی و موزیک، سودمەند نەبونیان  لەبەکارنەهێنانی گۆرانی وموزیک لە گشت کایەکانی ژیان، بەتایبەتی پەروەردەو فێرکردن، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو وجوگرافیای ناوچەکە کە ناوچەیەکە لەناوچەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و پارچەیەکی دابڕاوە لەوڵاتی عیراق، کەوتۆتە ژێر هەمان ئەم کاریگەریی و بیروبۆچونانەی کەلەناوچەکەدا باون وبونیان هەیە، هەمان ئەم سیستەم و پڕۆگرامانەش پەیڕەو دەکات کە لەناوچەکەدا پەیڕەو دەکرێن، ئەم هۆکارانەش بەهۆی نەبوونی سەربەخۆیی و ئازادی ڕەهای هەرێمی کوردستانن لەلایەک، لەلایەکیتریش بەشدارکردنی حوکمڕانی هەرێمە لەگەڵ عیراق لەگشت کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و پەروەردەییدا...، وایکردووە هەرێمی کوردستان نەتوانێ ئازادانە بیر بکاتەوە و ئازادبێ لە بڕیاردانەکانی ئەگەر هەستیش بە لایەنەکانی ئەرێنی ونەرێنی هەر بابەتێکیش بکات، بابەتی گۆرانی و

مۆزیکیش چونکە بابەتێکی هەستیارە لە ڕوانگەی ئاینیەوە و بۆچوونی جیا جیای لەسەرە لە ڕوانگەی ئاینی ئسلام* (الفاروقی، ١٩٩٩: ٢٥).

ولآتانی ڕۆژهەلآتیش بەپێی پابەندبونی تەواویان بە حوکم و شەرعی ئاینەکە و بەخراپ ڕوانینی کۆمەڵگە لەگۆرانی و مۆزیک، نەتواندراوە سوود لەگرینگی ولایەنە ئەرێنیەکانی ئەم زانستە وەربگیردرێت بەگشتی،** بەتایبەتیش لەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، بەبەراورد بە ولآتانی ڕۆژهەلآت کە لای ئەمان گۆرانی و مۆزیک پیرۆزیەکی ڕەهای هەیە و لەناو ئاینەکاندا بەکارهاتووە و وەک وەسیلەیەکیش بۆ بلآوکردنەوە و ڕاکێشانی تاک بۆ ئاینەکان بەکارهاتووە و تاوەک و ئەمڕۆش مۆزیکی ئاینی شان بەشانی مۆزیکی دنیایی بەردەوامە لەبەرەو پێشچوون (تۆماس، ١٩٩٨: ١٣).

## 1.3 ئاستەنگەکانی توێژینەوە

ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە لەوەیا خۆی ئەدۆزێتەوە کە گۆرانی و مۆزیک و بەکارهێنانیان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بوارێکی تازەیە و سوود وەرگرتن لێیان لە خوێندنگەکان هەرلە داینگە و باخچەی ساوایانەوە تا قوتابخانە سەرەتاییەکان و پەیمانگە و کۆلێژەکاندا، کارێکی ئێجگار قورسە و ئاسان نابێ، چونکە سەرەتا دەبێ ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بەرزبکرێتەوە بە قبولکردن و مومارەسەکرنی هونەر بەگشتی و گۆرانی و مۆزیک بەتایبەتی ئینجا بەکارهێنانی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، ئەمەش هەروا ئاسان نابێ و هەوڵ و ماندوو بوون و کۆششی زۆری پێویستە جگە لە لایەنی دارایی و خەرجیەکی زۆر بۆ دابینکردنی هۆڵی تایبەت بە وانەی مۆزیک و سیستمی دەنگی و دابینکردنی ئامێری مۆزیکی و کۆمەڵێک پێداویستی تری ئەلکترۆنی و تەکنەلۆجیای سەردەمیانە بۆ زیاتر سوود وەرگرتنی فێرخوازان لە بابەتەکاندا.

ئەم دەرکەوتنە تازەیەی بواری مۆزیکی لەم ناوچەیەدا ئەمە ناگەیەنێ کە ئەم ناوچەیە (هەرێمی کوردستان) ئاشنایەتی نیە یا نەبووە یا لاوازە بە هونەر بەگشتی و گۆرانی و مۆزیک بەتایبەت، بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی زانستیانەی تاکەکان لە بواری گۆرانی و مۆزیک و بابەتە زانستیەکانی بواری مۆزیکی، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین کێشەیە لەبەردەم خێرا بەرەو پێش چوونی هونەر بەگشتی و مۆزیک بە تایبەتی و چەقبەستویی گەشەی پەروەردەیی لەناوچەکەدا.

---

* ٦٣٤ز – ٦٤٤ز: هێرشی موسڵمانانە عەرەبەکان بۆ بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلام لە کوردستان. لەسەردەمی چوار خەلیفەکەی ئیسلامدا، کوردستان وردە وردە دەکەوێتەبەر هێرش و فەرمانڕەوایتی ئیسلام: ئەبوبەکر (٦٣٢)، عومەر (٦٣٤)، عوسمان(٦٤٤)، عەلی(٦٥٦). کوردستان قۆناغێکی جیاوازی لە ڕووی کەلتوری دەست پێدەکات، چونکە ئیسلام زۆربەی پەرستگا و ئامێرە مۆزیکیەکان و شوێنەوارە کەلتوری و ئاینیەکانی وێرانکرد و مزگەوتەکانی کرد بە مسجد (فرهاد پیربال: ٢٠١٠).

** سەبارەت بەبۆچونەکان و حەڕامکردنی گۆرانی و مۆزیک لەئیسلام بەڵگە و بنەمای زانستی زۆر هەن کە ئەم بۆچونانە بەهەڵە تێگەیشتن بڵاو بۆتەوە لەناو خەڵک و ئسلام و ئاینی ئسلامیش بە تەواوەتی گۆرانی و مۆزیکی حەڕام نەکردووە و نەهی لێنەکردووە، ئەمە تەنها بۆچوونی بەشێکی نەزانی پیاوانی ئاینی و موفەسیرەکانی ئیسلامە کەبەهەڵە لێکدانەوەی بۆکراوە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ژیانی پێغەمبەر محمدە (د.خ) دەگێڕنەوە جارێک ئەبوبەکر دەچێتە ماڵی پێغەمبەر و گوێبیستی دەنگی دەف دەبێت لەماڵەکەی ئەو کە لەلایەن دوو خزمەتکارەکان دەژەندرێت و پێغەمبەریش لەماڵەکەی خەوتووە، ئەبوبەکر سەرەتا خۆی لە خزمەتکارەکان توڕەدەکات و ئەیەوێ دەریان بکات، کەچی پێغەمبەر ڕووی وەر دەگێڕێت و دەڵێ ئەبوبەکر وازیان لێبێنە ئەمڕۆ ڕۆژی جەژن و خۆشیە با خۆشی ببینن. هەروەها لەکاتی کۆژکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینەی منەوەڕە بە دەف و گۆرانی پێشوازی لێکراوە. بەڵام دوای مردنی پێغەمبەر هەندێک لە دوو ڕوو و منافیقەکان ویستیان وێنای ئیسلام ناشیرین بکەن و مۆزیک و گۆرانی و ئافرەتیان بەکار دەهێنا بۆیە خولەفائی ڕاشدین ئەمجۆرە گۆرانی و مۆزیکەیان بەتەواوەتی قەدەغە و حەڕامکرد.(محمد عبدالهادی دبیان: ١٩٩٧،ص١٦).

## 1.4 گرینگی توێژینەوە

گرینگی بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لەگشت کایەکانی ژیان وپەیوەندی نێوان زانستی موزیک وپەروەردە هەرلەسەرەتای چاخەکانی مێژوودا زۆر بەڕونی دیارە، موزیک هەمیشە ڕۆڵی بەرچاوی دیوە لەڕۆشنبیرکردنی گەلان کاردانەوەی هەبووە لەسەر گەشەی هزری مرۆڤەکان وبەرەو پێشکەوتنی شارستانیەتەکانی کۆن بەگشتی وپەروەردە  وفێرکردن بەتایبەتیش لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا گرینگی تایبەتی هەبووە و منالان لەڕێگای گۆرانی و هەڵپەرکێی میللی و گۆرانیە فۆلکلۆری* و ئاینیەکان و بۆنە نەتەوەیی و ئاهەنگە گشتیەکاندا فێری ئاداب ونەریت وزانست وزانیاری وتەنانەت خودی موزیک کراون، بە ئومێدی ئەوەی کە ئەم داب و نەریتە لەمێژینانەی باو باپیران تووشی لەنێوچوون و بزربون و شێواندن نەیەن و بەردەوام بن، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر بگوێزرێنەوە و نەوەیەکی شارستان و ژیر و هێمن بەرهەم بێت لە داهاتوودا (محمود و الوكيل، 2005: 9).

لاپەڕەکانی مێژووی شارستانیەتی کۆنی یۆنانیەکان شایەتی ئەمە دەدەن کە پرۆگرامی پەروەردەیی زۆر بابەتی زانستی گرینگیان لەخۆ گرتووە، وە ئەم بابەتە زانستیانەش ناوزەد کرابوون بە حەوت هونەرەکە، واتە زانستیان بە هونەر ناساندووە، یەکێکیش لەم هونەرانە پەروەردەی موزیک بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەر ئەوەندە بەرز سەیرکراوە کەهیچ زانستێک بەبێ هونەر مانابەخش نابێ، لە لایەکیتر هەبوونی ئەم پەیوەندیە بەهێزەیە کە لە نێوان هەردوو زانستی موزیکی و زانستی ماتماتیک هەیە، لە پرۆگرامی قوتابخانەکان و خوێندنگاکانیش سودی زۆر لەم پەیوەندیە کراوەتەوە بۆ بابەتی ماتماتیکیەکان، بۆیە زانایان هەمیشە داکۆکی زۆریان لەسەر بوونی پەروەردەی موزیکی لەپرۆگرامەکانی خوێندندا کردۆتەوە، کە سوود بەخشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخواز لە هەر قۆناغێکی خوێندندابێ. لەمانە زانای فیزیایی ناس ئەنیشتاین (Einstein) دەڵێت: (ئەگەر من کەسێکی فیزیاناس نەبوومایە، ئەگەری زۆری هەبوو ببام بە موزیسیان، چونکە زۆربەی جارەکان من بیر لەموزیک ئەکەمەوە، وە خەونەکانم بۆ موزیکن و ژیان لە موزیک دادەدۆزمەوە، وە خۆشترین کاتەکانی ژیانم ئەو کاتانەبوونە کە بە ئامێری کەمانەکەم پارچەیەک موزیکم ژەنیوە). چونکە هونەر هەمیشە ڕۆلێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لەناو کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیدا، هەمیشە وا لە مرۆڤەکان دەکات زیاتر لیهاتوو تر و ژیر تربن. کەواتە دەتوانین بڵێین یەکێک لە فاکتەرەکانی سەرکەوتن و لێهاتوویی ئەنشتاین دەگەڕێتەوە بۆ گۆرانی و موزیک، هەروەک خۆی لە وتەکەیدا ئاماژەیی پێداوە.

* گۆرانی فۆلکلۆری یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی موزیک و گۆرانی، بریتیە لە میلۆدیە لیریکیەکان، میلۆدیە ئامێریەکان، ئەم شێوە وبابەتانە سەرچاوەکانی هونەری گەل وکۆمەڵگەن، چونکە شێوازەکانی موزیکی فۆلکلۆری بەگشتی بە دۆکیمێنتی ڕاستەقینە وزیندوو هەژماردەکرێن کەدەتواندرێت لەڕێگایانەوە سروشت وئاکار ومێژوو وڕوداوەکانی ڕابردووی نێو کۆمەڵگە بدرکێنێت وئاکامەکانی ئەوباروو دۆخەش کەخۆی لەهەستی نەتەوایەتی وهەنگاو نان بەرەو ئاسۆی ڕوون دەبینێتەوە زیاتر لەنێوگیانی نەتەوەکانی دادەچێنێ، ئەم ڕۆحیەتە هونەریەش ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر دەبینێت بۆ دیاریکردنی خاسیەت وتێڕوانینەکانی کۆمەڵگە.(ئەسعد محمد عەلی: ٢٠١٠، لا١٢).

## 1.5 ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لە زانستی موزیک و بونی گۆرانی و موزیک لەناو پەروەردەدا، دیارخستنی هەبوونی پەیوەندیەکی یەکجار بەهێزە لە نێوان موزیک لەگەڵ سەرجەم هەستەوەرەکانی تاک، چونکە زانستی موزیک پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ناخی تاک، ڕۆح و جەستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێزی تاک لە کۆمەڵگەدا، دەتواندرێت لە ڕێگای پەروەردەکردنی تاک بە موزیک گۆڕانکاری گەورە لە ڕەوشت و سلوکی کۆمەڵگا بەدی بکرێت. ئەمە جگە لە بۆچونی پێچەوانەش کە هەمیشە بەرامبەر هەر کۆمەڵە بۆچوونێکی ئەرێنی بۆچونێکی نەرێنیش بونی هەیە، واتە بیروو بۆچوونی جیاواز لەسەر کاریگەری موزیک بە هەستەوەرەکانی مرۆڤ هەیە، بەڵام بۆچوونە ئەرێنیەکان کاریگەری زیاتریان هەبووە و سوودی زیاتریان لێ بینراوە وەک زانا و فەیلەسوف و موزیک زانەکان، ئەلێن: ( موزیک ڕەوشتی جوان لە کەسایەتی مرۆڤ دەچێنێت و دەروونی مرۆڤ ناسک ئەکات). هەربۆیەش موزیک و خوێندنی موزیکی لەلایەن گریکەکانەوە تا تەمەنی سێ (3) ساڵی بەزۆری بووە. گریکیەکان لە موزیکی خۆیان زیاتر بایەخیان بە موزیکی مرۆیی (Vocal Music) داوە جیا لە موزیکی ئامێری (Instrumental). وە شێوەی موزیکەکەیان زیاتر گۆرانی بووە هەربۆیەش ئەفلاتون 347-427 دەڵی: ( ئاواز (Melody) و ریتم (Rhythm) چ واتایەک دەبەخشێ گەر ووشەیان لەگەڵدا نەبێت). لێرەدا ئەمەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە موزیک چەن گرینگە گۆرانیش بەقەد موزیگ ڕۆڵ و گرینگی و ئەرکی لەئەستۆ دایە لەپەروەردە و فیرکردن، وە زانایان هاوڕان لە گرینگی گۆرانی و موزیک و بەکارهێنانی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و چەندین وتەی بەناوبانگیان لەم بارەوە وتووە لەمانە (شکسبیر) دەڵێت: (گۆرانی و موزیک خۆراکی جەستەن (غذاء الروح)، وە ناپلیۆن پۆناپارت دەڵی: (گۆرانی و موزیک چارەسەری دەروونن (شفاء النفس)، و فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی ئەرستۆ دەڵێت: (گۆرانی و موزیک خەم ڕەوێن و پاک کەرەوەی ناخن (مفككة الأحزان و مطهرة نفس)، هەروەها ئیمامی غەزالی پێی وایە: (گۆرانی و موزیک هێورکەرەوەی مێشک و تواناو هیز و وزە بەخشن بۆ جەستە (مهدئة الأعصاب،مقوية العزيمة، مبعدة الهزيمة)،... تادوایی. واتە ئامانجی گشتی لەبەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لە میتۆدی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، ئەم پێشکەوتنە خێرایەیە کە گشت زانایان جەختیان لەسەر کردۆتەوە و لە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکان کاری لەسەرکراوە و ئەنجامی زۆر باشی لێ بەدەست هاتوون بەجۆرێک کە پێشتر هیچ شێواز و ڕێگایەک نەیتوانیوە بەدەستی بهێنێت، ئەمەش بەهۆی خێرایی لەگەیاندن، گێڕانەوەی کات، کەمی تێچوو.

## 1.6 گریمانەی توێژینەوە

گریمانەکانی توێژینەوەکە خۆیان لەچەند خاڵێک ئەدۆزنەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکان وەک:

یەکەم/ بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی نوێ بۆ پەروەردە و فێرکردن.

دووەم/ بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و پەروەردەکردنی تاک بەکەمترین کات و ماوە و تێچوو لەڕێگای بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لەناو میتۆدەکانی پەروەردە وفێرکردن.

سێ یەم/ دۆزینەوەی ڕێگای وانە وتنەوەی تازە لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی بۆ میتۆدەکانی خوێندن لە خوێندنگە سەرەتاییەکان لەڕێگای بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک و ئامێرە موزیکیەکان.

چوارەم/ بەرزکردنەوەی ئاستی بیستن و گوێگرتن و چێژوەرگرتنی فێرخوازان لە بابەتەکانی پەروەردە وفێرکردن، لەڕێگەی گۆرانی و موزیک.

پێنجەم/ گۆرانی و موزیک و بەکارهێنانیان لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێتە هۆی گۆڕینی سلوکی مناڵ.

شەشەم/ بەرزکردنەوەی ئنتیمای نیشتیمانی لەڕێگەی پەروەردەکردن بەگۆرانی و موزیک تاچ ڕادەیەک سەرکەوتوو دەبێ.

حەوتەم/ وەرگرتنی زانست و زانیاری تازە و بەرەوپێش چوونی ئاستی ڕۆشنبیری مناڵ لە ڕێگەی پەروەردە بە گۆرانی و موزیک.

## 1.7 سنوری توێژینەوە: سنوری توێژینەوە پێکدێ لە:

**سنوری شوێنی:** هەرێمی کوردستانی عیراق – شاری هەولێر

**سنوری کاتی:** ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٢٠ دەگرێتەوە

**سنوری مرۆیی:** چوارچێوەی سنوری مرۆیی توێژینەوەکە بەشێک لە قوتابخانە و خوێندنگە وکەسایەتیە پەروەردەییەکان وئەنترۆپۆلۆجیستیەکان دەگرێتەوە، وەک (کایزر، برونیسلاف مالینۆفیسکی، ڕاد کلین براون، ڕۆد بەنەدێکت، میللەر).

**سنوری بابەتی:** تایبەتە بە (( ڕۆڵی گۆرانی وموزیک لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەڕوانگەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا)).

## 1.8 میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا بریتییە لە شێوازی مێژوویی وەسفی بۆ خستنە ڕووی بابەتەکان وشرۆڤەکردنیان.

## 2. ڕوونکردنەوەی چەمکەکان

### 1. گۆرانی

گۆرانی گرینگیەکی یەکجار زۆری هەیە لەژیانی مرۆڤ، هەرلەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە تا ئەمڕۆ، سەرەتا بەکاری تاکەکەسی دەستی پێکردووە و دواتر کاری کۆمەڵ تال وقۆناغ بەقۆناغ لەگەشەی بەردەوام دابووە تاگەیشت بە قۆناغێکی پێشکەوتوو تر لەوەی پێشوو و لە قوناغی لاسایی کردنەوە و دووبارەکردنەوە دەرچوو و چووە ناو گشت بۆنە و ئاهەنگ و کار و کردەوەکان و بۆنە ئاینیەکان و دواتر لە پەروەردە وفێرکردن سوودی زۆری لێ بینراوە لە گوتنەوەی سروودە نیشتیمانیەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئنتیمای نیشتیمانی و نەتەوەیی لەلای تاک بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی. گۆرانی توانراوە سوودی زۆری هەبێت بۆ دامرکانەوە و زاڵ بوون بەسەر هەستی دەروونی تاک و ببێت بە هێورکەرەوە لەکاتی هەڵچوون و تێکچوونی باری دەروونی مرۆڤ، هەربۆیەش لەکاتی بۆنە خۆش و ناخۆشەکانیش بەکارهاتووە. گۆرانی گۆڕانکاری بەسەر دێت و جیاوازە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکیتر بەپێی جیاوازی پێشکەوتنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی ناوچەکان ( عبدالله، ١٩٩٩ : ١٣٢).

ئەم گۆڕانکاری و جیاوازیانەش وایانکردووە کەزیاتر لە پێناسە و شیکردنەوەیەک هەبێ بۆ چەمکی گۆرانی، بۆیە هەندێک لەپێناس و شیکردنەوەی چەمکەکانی توێژینەوە و نوسینەکانی نوسەر و ڕوناکبیرەکان دەخەینەڕوو، لەمانە پێناسی حسين علي محفوظ لە پەرتوکی (قاموس الموسيقى العربية) دەڵێت گۆرانی جۆرێکە لە دەربڕین و چڕینە بە ئاواز، وە پێی وایە کە گۆرانی واتای ئاواز، یان مقام، یا دەنگ دەگەیەنێ (محفوظ، ١٩٩٧: ١٤٢) .

بەپێی شیکردنەوەی أحمد الهاشمي گۆرانی واتای چڕینی هۆنراوە و دەقە ئەدەبیەکانە، دەڵێت گۆرانی بەشێکە لە پێکهاتەی بچوک بچوکی موزیک و گونجاوە لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و زۆر جار یاوەری دەکرێت بە ئامێرە موزیکیەکانیش. هەروەها أحمد الهاشمي دەڵێت گۆرانی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لەوانە (گۆرانی میللی، گۆرانی فۆلکلۆری، گۆرانی دانراو... تادوایی (الهاشمي، ١٩٧٩: ٩١).

اســـعد محمد علي پێی وایە کە گۆرانی بەهەموو ئەم دانراوە موزیکیانە دەگوترێ کە دەگونجێت لەگەڵ دەنگی مرۆڤ (علی، ١٩٨٥: ١٦).

لویس معلوف لەپەڕتوکەکەی بەناوی (المنجد في اللغة والاعلام) دەڵێت گۆرانی کۆی گۆرانیەکانە (الاغنية جمعها اغان).

هەروەها محمد محيي الدين عبدالحميد، ومحمد عبد اللطيف البسكي لە پەڕتوکەکەیان بەناونیشانی (المختار من صحاح اللغة) دەڵێن گۆرانی دەربڕینێکە، یا هەر بەرزکردنەوەیەکی دەنگیە بە ئاواز. بەپێی یەکەم کۆنگرەی موزیکی لەقاهیرە ساڵی ١٩٣٢ پێناسەی گۆرانیەکان بە کۆی گۆرانی هاتووە وەک:

( گۆرانی = گۆرانیەکان) هەمان واتایان هەیە تەنها ئەوەنەبێ یەکیان بۆ تاک بەکاردێ ئەوەتریان بۆ کۆ. بەشێوەیەکی گشتی گۆرانی لای عبد الحميد حمام، بەواتای هەردەربڕینێکی دەنگی مرۆیی دێت جاچ بەهاوکاری ئامێری موزیکی بێ یان نا (الجزراوی، 2004: 20).

### 1.1.2 پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی گۆرانی

لەکۆتایشدا توێژەر پێی وایە کە گۆرانی شێوە دەربڕینێکی تایبەتە بەدەنگ، مرۆڤ ڕێکی دەخات و دەیگونجێنێت و دەریدەبڕێت بەپێی جۆری ئەم هۆنراوەی کە دەیچڕێ، بە جۆرە ڕیتمێک کە بگونجێ لەگەڵ ڕیتمی دەرەکی و ناوەکی دەقە ئەدەبیەکە یا هونراوەکە.

## 2. موزیک

موزیک زانستە هونەرە زمانە، واتە زانستی موزیک هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ زانستەکانی بیرکاری و فیزیاز و ئەندازیاری لەڕوانگەی زانستیەوە، تەنها لەڕوانگەی هونەریەکەوە نەبێ کە دەتوانین شیبکەینەوە (رؤوف، ١٩٨٩: ٦).

أ- موزیک وەک زانست: زانستێکە لە زانستە سروشتیەکان و لەسەر بنەما و ڕێساو یاسای ماتماتیکی ڕێکخراوە، دەنگەکانی گونجاندراون بەجۆر وشێوازیک کە بتواندرێت هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ قابیلیەتی بیستن و دەربڕین و تواناکانی گوێچکە.

ب- موزیک وەک هونەر: دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی سەرەکی کە یەکەمیان لایەنی ژەنینی ئامێری (music instruments) دەگرێتەوە، هەروەها زانستی گۆرانی واتە دەربڕینی دەنگی مرۆیی بە گوێرەی تیمپۆی موزیکی ڕێکخراو. کە هەردووکیشیان بە دانراوەی موزیکی ناوزەد دەکرێن، دانراوە موزیکیەکانیش هەمیشە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن:

١-دەنگی موزیکی (ئاواز): ئەم دەنگانەن کە لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی ئامێرەکانەوە دەردەچن، یا لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی قوڕگی مرۆڤەکانەوە لەڕێگەی دەمەوە دێنەدەرەوە.

٢-کات (ڕیتم): پێوەرێکە بۆ ڕێکخستنی بەردەوامی دەربڕین و بەردەوام بوونی دەنگ، هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان درێژی و کورتی دەربڕینەکان، ئاواز و ڕیتم دوانەیەکی لێک دانەبڕاون لەموزیکدا جوتەزاو جومکەزان و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر واتا نابەخشێ. ( ابراهیم، 2014: 6).

موزیک وەک چەمک: ناوی موزیک لەناوی موزێی یۆنانیەوە هاتووە. بەڵام لەڕوانگەی میتۆلۆجیەوە، واتا بەگوێرەی داستان، موزێ نۆ خواوەند بوون کەهونەرەکانیان دەپاراست، خواوەندی ئێوتێرپێ وەک پارێزگاری موزیک بووە، کەبەدوو فلوت دەستنیشان دەکرا.

ووشەی موزیک لای هەرمیللەتێک بەجۆرێک دەردەبڕدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی دەربڕین و وەرگێڕانی چەمکەکە لە گریکیەوە بۆ زمانەکانی تر، وەک ئنگلیز=میوزیک، ئەڵمان=موزیک، ئیتاڵی=موزیکا، عەرەب=مۆسیقا، کوردی سۆرانی=مۆسیقا کەلە عەرەبیەکەوە وەرگیراوە، کوردی کرمانجی=موزیک ( ئازید، ٢٠١٦: ٢٧).

### 1.2.2 پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی موزیک

کەواتە توێژەر پێی وایە موزیک گشت دەربڕینە ئامێری ودەنگی یە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، بەرز ونزمی چینە دەنگەکان، خێرایی ولەسەرەخۆیی وگوشار ودوپاتکردنەوەکانیش کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێ لە دەوڵەمەندکردنی.

## 3. پەروەردە

شیکردنەوەی چەمکی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردادێ بەگوێرەی ئەم چوونە فەلسەفیانەی کە مرۆڤ دەیانگرێتەبەر بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو، وە گرتنە بەری ئەم ڕێگاو شێواز وکەرەستانەی کەبەکاریان دەهێنێت بۆ گەیاندنی بەها کۆمەڵایەتیەکان و بیرو بۆچونە زانسیتی و پەروەردەییەکان لە هەربوارێک لەبوارەکاندا (الزهوري، ٢٠٠٢: ١٦).
عباس محجوب دەڵێت: پەروەردە بەواتای تێرکردن وپڕکردن وبەهێزکرنی لەشی مرۆڤ دێ بەداتا وزانیاری وهەڵسوکەوتی تازە، گشت بوارەکانی خواراردن وخواردنەوە وهەڵسان ودانیشتن وگفتوگۆ ولایەنە بەدەنی وهزریی وڕوحی وهەستی ووجدانی و سۆزیانە، تاڕادەی کامڵ بوونی تاک (محجوب، ١٩٧٨: ١٥).

محمد حسین دەڵێت مەبەستی لەپەروەردە بەرەنگاربوونەوەی داهاتوو وزاڵبوونی بەسەر هەموو ئەم قورساییی وتەنگوو چەڵەمانەی لەداهاتوودا ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە (أحمد، ١٩٨٦: ص١٤).

دکتۆرە سارە صالح یش هاوڕایە لەگەڵ بوچونەکەی عباس محجوب و محمد حسێن ودەڵێت: پەروەردە بەواتای زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی خودی دێت لەتاک، واتا کاتێک مناڵ پڕزانیاری دەکرێت لەڕێگەی

مامۆستا و تاکەکانی دەورووبەر وژینگە وکۆمەڵگە، بەزانیاری و داتای جۆراوجۆر، جۆر وشێوازی هەڵسووکەوت وبیرکردنەوە وگەشەی هزری گۆڕانکاری بەسەردادێت وفراوان دەبێت، وە توانای بەرەنگاربوونەوەی تەنگەشە و ئاستەنگەکانی ژیانی زیاتر دەبێت و سەرکەوتوانە تیایاندا زاڵ دەبێت (الخمشي، ١٩٨٠: ٧).

یوسف البدوی ومحمد قاروط، بۆچونێکی تریان هەیەو دەڵێن: پەروەردە واتای چاکسازی و ڕەوشتە، فێرکەر پێویستی بە ماندوو بوون و هێزێکی زۆر و بەردەوام هەیە بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵ، لە بوارەکانی خێزان، قوتابخانە، خوێندن، نوسین، گوێگرتن، گفتوگۆکردن...تادوایی، مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو (محمد، ٢٠٠٣: ١٤) واتە پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی هەنگاو بەهەنگاوی (تدریج) یەمناڵ لەهەر سەردەمێک لەسەردەمەکانی ژیانیدا پێویستی بەجۆرە زانیاری و پەروەردە و فێربوونێکی تایبەت هەیە، کە گونجاوبێ لەگەڵ تەمەن وگەشەی جەستەیی وبەدەنی وهزری فێرخواز، بەڕەچاوکردی وردەکاری و ڕێککاریی و بیرکردنەوەیەکی ڕێک و پێک لەگشت بوارەکانی زانستی و دەروونی (بدیوي و قاروط، المصدر السابق: ١٣).

## 1.3.2 پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی پەروەردە

چاودێری وبەئاگایی  تاک، لەتەمەنی منداڵیەوە لەڕووی بەدەنی وهزریەوە، واتا هەموو ئەم یاسا وپێوەرە وەرگیراوانە (مكتسب) دەگرێتەوە کەتاک فێری دبێت و فێری بووە لەڕابردوودا، ئەمەش بەمەبەستی خۆگونجاندنیەتی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەی دەورووبەر وئەم ژینگەیەیە کەتیایدا ئەژی.

## 4. فێرکردن

فێرکردن وەک چەمک واتای نیمچە گۆڕانکاریەکی بەردەوام لە ڕەفتاری تاک دەگەیەنێ کەلەئەنجامدا دەبێتە گۆڕانکاری لە هەڵسووکەوتی هەر تاکەکە. هەروەها وەک هەوڵدان و ڕاهێنان وپەرەسەندنی بیر وهۆش و هیزریش دێت.(https://ar.wikipedia.org/wiki ).

## 1.4.2 پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی فێرکردن

فێرکردن کردارێکە ئامانج تیایدا بەهێزکردن و ئامادەکردنی تاکە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک، مەبەستدار بەئامانجێکی دیاریکراو، بەمەبەسی ئەوەی کە لەداهاتوودا بتوانێ ئەم داتاو زانیاریانەی وەریگرتوون و فێری بووە، لەژیانی ڕۆژانەیدا سودیان لێ ببینێ لەبەرەوپێشبردنی خۆی و زاڵبێت بەسەر ئاستەنگەکانی بەردەمی.

## 5. ئەنترۆپۆلۆجیا

ووشەی ئەنترۆپۆلۆجی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە/ ئەنترۆپۆس واتە مرۆڤ. لۆجیا واتە زانست. هەردوو ووشەکانیش پێکەوە بەواتای مرۆڤناسی دێن. (هلال: ١٩٧٤، ص٩)

مرۆڤناسی زانستێکە لەهەڵسوکەوت وکەلتووری گرووپە جۆر بەجۆرەکانی ئادەمیزاد و ئەم توخمە کەلتووری ومادی وئەخلاقییانەی مرۆڤ دەکۆڵنەوە کەلەئەنجامی ژیانکردنیان بەرهەم هاتوون.(اسماعیل: ١٩٧٧، ص١٤)

تاقیکردنەوە وهەڵسەنگاندنی ئەنترۆپۆلۆجی واتە ئەم دیاردانەی کە لەسەر نەژادی ئادەمیزاد دەکرێن وخوێندنەوە ودیراسات بەمەبەستی پێشکەوتن لەبارەیانەوە ئەنجام ئەدرێن.(الرشدان: 1984، ص25)

## 1.5.2 پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی فێرکردن ئەنترۆپۆلۆجیا

زانستێکە لەبنچینەی ڕەگەزی مرۆڤ وپێشکەوتنەکانی وبیروبۆچون وعورف وعادات وهەڵسوکەوت وسلوکی تاک دەکۆڵێتەوە بەمەبەستی زیاتر پێشخستی کۆمەڵگا، لەڕێگەی دیراسەتکردنی مرۆڤی سەرەتایی یا ئەم کۆمەڵگایانەی کەتا ئەمڕۆ پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە نەدیوە ولەئاستێکی نزم ودوور لەکاریگەریەکانی تەکنەلۆژیاو داهێنان وشۆشیاڵ میدیا ژیان بەسەر ئەبەن، بەمەبەستی گەیشتن بەزانیاری ورد بۆ خزمەتکردنی تاک وڕونکردنەوەی گشت ئەم ڕێکار وڕەهەندانەی کەبەشدارن و کاریگەری سەرەکیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی ئاستی مەعریفە وڕۆشنبیری تاک بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی باشتر وتاکێکی زیرەکتر وئاست بەرز لەگشت لایەنەکانی ژیان.

## 3- موزیک و گۆرانی لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیا

دەست پێک:

زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا بەشێوەیەکی گشتی دوو بواری سەرەکی لەخۆدەگرێ ئەمانیش بایۆلۆجی وکولتورییە. لەئێستادا زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە هەروەها بەردەوام لەپێشکەوتن دایە، لێکۆلینەوەی زانستی ومەیدانی لەبوارەکەدا زۆر بەخیرایی بوارە پسپۆریە ووردە جیا جیاکانی ئەنترۆپۆلۆجیا بەرەو فراوان بوون وگەشەسەندن ئەبەن. ئەنترۆپۆلۆجیا هەروەک چۆن لە گەل زانستە کۆمەلایەتییەکانی تر پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە ئاواش لەگەل لایەنەکانی پەروەردە تێکهەلکێش بووە بۆیە پەروەردە وفێرکردن لەئێستادا وەک لقێک لەلقەکانی ئەنترۆپۆلۆجیا سەیردەکریت.

دەرکەوتنی ئەنترۆپۆلۆجیا لەڕووی مێژوویەوە دەگەرێتەوە بۆ زانای کۆمەلناسی بەناوبانگ ئێمیل دورکهایم سالی(١٩٢٢- ١٩٢٥) لەمیانەی لێکۆلینەوەکانی لەسیستەمی پەروەردەدا دەریخست کۆمەلگە دەتوانێ خۆی لەگەل دەزگا پەروەردەییەکان بگونجێنێ. دورکهایم ڕۆلی قوتابخانە بەگرینگ وەسف دەکات لەپۆلێنکردنی توانای تاکەکان لەنێو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بۆیە بەدامەزرێنەری ئەنترۆپۆلۆجیای کولتوری دادەنرێت.

دورکهایم جەخت دەخاتە سەرلێکۆلینەوە وشیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆسەی فێرکردن. بۆیە لەم باسەدا توێژەران تیشک دەخەنە سەرلایەنی ڕۆلی گۆرانی وموزیک لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیادا، لەچوارچێوەی چەند تێۆرێکی تایبەت بەزانستی ئەنترۆپۆلۆجیا کەزیاتر پەیوەستن بەشرۆڤەکردن ولێکدانەوەی بابەتەکانی کولتور، کەسایەتی، مەعریفە، بۆچون، درکی تاک. هەروەها تیشک دەخەینە سەر تێڕوانینی زانستی جیاواز لەبواری مەعریفە وبونیادی کەسایەتی تاک بەگشتی ومنال بەتایبەتتر.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە مرۆڤ چۆن سەیری خودی خۆی وکەسانی دەوروبەری وسەیری کۆمەلگا وجیهان دەکات. بۆئەم مەبەستەش پێویستە خوێندنەوەیەکی ووردی ئەنترۆپۆلۆجیانە بۆ هەریەک لەچەمکەکانی کولتور، کەسایەتی، ئیدراک ومەعریفە بکەین.

## 3.1 – ئاراستە تیۆریەکان

ئاراستە تیۆریەکانی ئەنترۆپۆلۆجیا تەوەرێکە لەتەوەرە سەرەکیەکانی ئەم باسە. لەم بابەتەدا تیشک خراوەتە سەر بابەتی گۆرانی وموزیک لەبونیادنانی کەسایەتی مندال. دەرکەوتنی ئاراستە تیۆریەکان لەهەمان ماوەی دەرکەوتنی ئاراستەی کەلتوری و وەزیفی بوون. سەرهەڵدانی ئاراستەی کولتوری وجەختکردنەوەی لەسەر ڕەهەندی ئێتنۆگرافیا بۆ دیراسات کردنی دیاردەکانی موزیکی لە سیاقی کولتوری و کۆمەلایەتی گشتین لەچوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی کولتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەست پێدەکات، ئەم ڕەهەندانەی کە پەیوەستن بەم ڕەفتارانەی کەلەژینگەیەکی تایبەت چالاکیەکانی موزیکی دێتە ئاراوە بۆ مەبەستی تێگەیشتنێکی قووڵی ڕاستەقینە لەکارە موزیکیەکان. ئەم ئاراستەیە پێی وایە دیاردەکانی موزیکی ناتوانرێ بەئاسانی تێیانبگەین، بۆتێگەیشتنیان پێویستە خوێندنەوەمان هەبێت لەم چوارچێوە کولتوری وکۆمەلایەتیانەی کەئەم دیاردەیە تیایدا رووئەدات.

لەتێروانینی ئەنترۆپۆلۆجی چەقی پەیوەست بەبابەتی تیۆری، چەمکی (کولتورە) لە چوارچێوەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیای کولتوری، چەقی لیکۆلینەوەکان لە خۆدەگرێت. پێویستە ئەم ڕاستیە بزانین مرۆڤ لەهەر شوێنێک بێت کولتورێکی تایبەت بەخۆی هەیە، دەرکەوتنی کولتوری مرۆڤ پەیوەستە بەکۆمەلێک سیفات وتایبەتمەندی جەستەیی وفیزیکی مرۆڤ کەبەدەستی هێناوە لە ماوەی قۆناغەکانی گەشەسەندن (Evolution) لەپێناو بەدەست هێنانی کولتور, فراوانبوون وپێشکەوتنی مێشک وسیستەمی دەماری ناوەندی دەگرێتەوە لەگەل تواناکانی بەدەست هێنانی زمان. لە ڕاستیدا لێکۆلینەوەکانی جینات و DNA پیشانمان دەڵێن کە چۆن سیفاتەکانی فیزیکی بۆماوە (الوراثية) لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەنەتەوە، لە کاتێکدا سەبارەت بەکولتور هیچ شتێکمان بۆ روون ناکاتەوە . گرنگترین بۆچوونەکانی زانای بەناوبانگی ئەنترۆپۆلۆجیا برۆنیسلاڤ مالینۆفسکی دوای ئەنجام دانی دیراسەتە مەیدانیەکەی لەدورگەکانی ترۆبریاند لەسالی 1915 تا 1918 خستبووینەتە ڕوو سەبارەت بەشیکرنەوەی کولتور ببون بەبنەمایەک لەنێوەندەکانی زانستی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەوەزیفەی کولتور بۆ پێگەیانەنی کۆمەلایەتی وکولتوری تاکەکەس، بەتایبەتتر پێداویستیە سەرەکییەکانی بایۆلۆجی ئۆرگانیزمی مرۆیی وەهەر شتێک پەیوەست بێت بەمرۆڤ وکولتور.

سەبارەت بەلایەنەکانی تری وەکو ئایین، هونەر، فەلسەفە، مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت فێری ئەم لایەنانە دەبێت بۆ فێربوونی ڕەفتارەکانی بەمەبەستی ڕێکخستنی ژیانی وە پالنەرێکە بۆ سەقامگیری کۆمەلگا وگۆڕانی کۆمەلایەتی، مالینۆفسکی پەیڕەوەی ئاراستەی وەزیفی دەکرد وهاوڕابوو لەگەڵ هاورێکەی رادکلیف براون کە بانگەشەی توندیان دەکرد دژی ئاراستەی پەرەسەندن وئاراستەی مێژوویی (ایریکسون و نیلسون، 2013: 71)،رکەچی ڕووت بەنەدیکت زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا بەزانستە مرۆڤایەتییەکان دەبەستێتەوە وباس لەسۆزداری مرۆڤ ورەوشت وعەقلانیەت دەکات، چەمکەکانی سۆزداری مرۆڤ وعەقلانیەت وپێکهاتی سمبۆلی بەیەکەوە گرێ دەدات.

مالینۆفسکی لەلێکۆلینەوەکانی سالی (1944) سەبارەت بە پەیدابوونی کولتور کۆمەلێک  پێداویستی سەرەکی دەخاتەروو کەوەڵام دانەوەیە بۆ بوونی کولتور، وەپێداویستییەکان ئەم بابەتانە لە خۆدەگرێ: خۆراک، زاوزێکردن، خۆشگوزەرانی جەستەیی، لێرەدا ئەوەی گرنگە بۆمالینۆفسکی ئەوەیە کەپێداویستییەکانی تاکەکەس لەچوارچیوەی زانستەکۆمەلایەتییەکان وەکو بنەمایەک دیراسەت دەکرێت. یەکێک لە پێداویستییەسەرەکییەکان کەمالینۆفسکی ئاماژەی پێدەکات پێداویستی پەروەردەیە بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاریەکان بۆ نەوەکان سەبارەت بەپەروەردەکردنی منداڵ لە سیاقی ئەم کولتورەی کەتیایدا دەژیت. ئەو چەمکانەی کەپەیوەستە بەسیستەمی پەروەردە چەمکی (بەکۆمەلایەتیبوون) و (بەکولتوربوونن) کە لەلایەن زانستەکانی سۆسیۆلۆجی وئەنترۆپۆلۆجیای کولتوری وکۆمەلایەتییە لێکۆلینەوەیان لەسەرکراوە. (مریام، 1965: 22).

## 3.2- ئاراستەی بڵاوبوونەوەی کولتوری

دوای ئەوەی ئاراستەی گەشەسەندن (Evolution) توانای تەفسیرکردن وشیکردنەوەی زۆرێک لەڕووداوەکانی مێژوویی وکەلتوری نەما، ئاراستەی بڵاوبونەوەی کولتوری سەری هەڵدا بۆ وەڵام دانەوەی زۆربەی ئەم پرس وبابەتانەی بێ وەڵام مابونەوە. لێرەدا توێژەران کۆمەڵێک بیرۆکە لەگۆڕانکاری بابەتە مێژوویی وکولتوریەکان دەخەنە بەرباس وگفتوگۆکردن کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ هەیە.

بازنەی کولتوری وەک مەیدانێکی داخراو دیاریکرا کەتوخمەکانی کولتوری تیایاندا لەگەل یەکدا کۆکن، ئەم تەخمانە لەهەمان کاتدا لەڕووی کۆمەلایەتی ورۆحی وەک بەشێک لەم کولتورە داخراوانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. لەئەنجامی تێکەڵ بوون وبڵاوبوونەوەی کولتورەکان پرۆسەی فراوانبوون وکۆچکردنی میللەتان هاتە ئاراوە کەلەهەندێک حاڵەتدا بوبەمایەی توانەوەی کولتوری (Assimilation). لەئەنجامی ئەمانەشدا بیرۆکەی سەرەکی پەیدابوونی ئاراستەیی بڵاوبوویەوە (Diffusionism)، کەدواتر ناسرا بەئێتنۆلۆجی مێژوویی کولتوری، میللەر پێی وایە هۆکاری دەرکەوتنی توخمەکانی کولتوری، سەرچاوەکەی لەتوخمە کولتوریەکانی ترداهەیە (Mueller 1998:35).

بڵاوبوونەوەی کولتوری، گواستنەوەی سیستەمێکە یان نموونەیەکی کولتوریە لەکۆمەلگایەک بۆ کۆمەلگایەکی تر جیاوازن، واتە نمونە وەرگیراوەکان یان گۆڕانکاریان بەسەردادێت یا هەروەک خۆیان دووبارە بەکاردەهێندرینەوە. گۆرانی وموزیک وەک نموونەیەکی کولتوری تایبەت بەکۆمەلگایەکی دیاریکراو کاتێ کەدەگوازرێنەوە لەکۆمەڵگایەک بۆ کۆمەلگایەکی تر یاوەک خۆیان ئەمێننەوە یاگۆڕانکاریان بەسەردادێت، بەتایبەتی لەم کۆمەلگایانەی کەدراوسێی یەکترن یاخود نزیکن لەیەکتری، بلاوبوونەوە وگواستنەوەی ئەم جۆرە نموونە کولتوریانە یان سیستەمی کولتوری لەنێوانیان دەگوازرێتەوە وئاڵوگۆرکێی کولتوری بەزەقی هەستی پێدەکرێت. نەتەوەکانی کورد، عەرەب، فارس، عەجەم، تورک لەم جۆرە نموونە دیارانەن کە ئاڵوگۆڕی کولتوری لەنێوانیاندا زۆر زۆرە دیارترینیشیان بابەتە هونەریەکانن بەگشتی وگۆرانی وموزیکن بەتایبەت تر. ئەم گواستنەوە کلتوریانە کاریگەری ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر بونیادی کەسایەتی تاک ودروستبوونی کەسایەتی منداڵ، لەم ئاراستە تیۆریە دەتوانرێ تاڕادەیەک ئەرگومێنتی لێکدانەوەی لۆژیکی پێشکەش بکرێت، بەلام بەشێوەیەکی گشتی ڕوو بەڕووی زۆرترین ڕەخنەی توند بۆتەوە کەزۆر بۆشایی وکەلێنی

گەورەشی جێهێشتووە، ئەمانەش بەهۆی ئەوەیە کەنەیتوانیوە لێکدانەوە وشرۆڤەی زانستی نوێ پێشکەش بکات. هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەم کێشە وگرفتە زۆرانەن کەلەکاتی گواستنەوەی کلتورەکاندا ڕوودەدەن، بۆنموونە کاتێک بابەتێکی هونەری یا گۆرانی وموزیکێک لەکۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر دەگوازرێتەوە چەندین کۆسپ وتەگەرە ڕوو بەڕوویان ئەبیتەوە، هەروەها جیاوازی خێرایی ولاوازی ئاستی بلاوبوونەوەکە لەنیوان کۆمەلگاکان زۆر جیاوازن، بەچی ئامرازێک وڕێگایەک دەگوازرێتەوە وتەکنەلۆجیا چ ڕۆلێکی هەیە لەگواستنەوەی ئەم نموونە کولتوریانە، کۆمەڵگای وەرگر تاچ ڕادەیەک ئامادەیە پێشوازی لەم جۆرە نموونانە بکات، ئەمانە کۆمەلێک پرسیارن پێویستیان بەوەڵام دانەوە وشرۆڤەی زانستی هەیە. (العثمان, 2002: 46).

بلاوبوونەوەی ئەم نموونە کولتورییانە یان بەشێوەی مەبەستدار وبەئەنقەست دەبێت یاخود بێ مەبەست ولەناکاو دەبێت، وەک کاتی کۆچکردن وئاوارەبوونی میللەتان ئەم شێوازە لەنموونەی کولتورییە وەک گۆرانی وموزیک دەگوازرێتەوە بۆ کولتوری کۆمەلگایەکی تر کەهیچ مەبەستێکی ئیتنۆسێنتری یاخود ڕەگەزپەرستی لە پشت دانییە. لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەریان دەبێت لەسەر پەروەردە وبونیادی کەسایەتی منداڵ لەکۆمەڵگای وەرگر، جا ئەم شێوازە لەگۆرانی وموزیکی عەرەبی، فارسی، تورکی هەستی پێدەکرێت زیاتر لەبواری هونەری وکەمتر لەسیستەمی پەروەردە وفێرکردن.

نموونەی میتۆدی شینیتشی سوزیکی کە سیستەمێکی پێداگۆکی موزیکی ژاپۆنیە لەلایەن موزیکژەنی بەتوانا سوزوکی (Shiniki Suziki) لەسالانی 1940 لەولاتی یابان هاتەکایەوە ولەڕێگەی ڕێکخراوی پەروەردەی بەهرەمەندی (Talent Education Association) لەیابان سەریهەڵدا وبەسەرتاپای جیهان بڵاو بویەوە، باشترین نمونەن بۆ ئاراستەی گواستنەوەی کلتوری لەنێوان میللەتان وکۆمەڵگەکانی جیهان. هەندێ جار ئەم بلاوبوونەوە کولتوریانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت لەکاتی تێکەڵبوونی ئەندامانی کۆمەلگایەک بۆ کۆمەلگایەکی تر یاخود ناڕاستەخۆ ڕوودەدەن لەڕێگەی کتێب، نووسراو، توێژینەوە، دەزگاکانی بلاوکردنەوە، ڕاگەیاندن، هەروەها لەڕێگەی تەکنەلۆجیای سۆشیال میدیا وەک دیمانە، فیلم، زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان.

قوتابخانەکانی ئاراستەی بلاوبوونەوە، سەیری کۆمەلگا ئەکەن وەک دیاردەیەک لەژینگەیەکی دیاری کراو، وەک چۆن گۆرانی وموزیک لەسەرچاوەی شوێنێکی دیاریکراوەوە بلاودەبێتەوە بۆ شوێنێکی تر، پشتاوپشت ودەماودەم دەەگوازریتەوە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. جا لەبەرئەمە دەتوانین بلێین ئەو لێکچوونانەی سەبارەت بە گۆرانی وموزیککە لەنێوان کولتورەجیا جیاکاندا هەیە لە ئەنجامی هەندێ راستیدان کە هاوبەشە لەنێوان کولتورە مرۆییەکان کەسەری هەلداوە، ئەمەش بۆ مەبەستی تێرکردنی پیداویستی فسیۆلۆجی ودەروونی تاکەکان بووە، بۆیە گۆرانی وموزیک پێداویستییەک بوە بۆ تێرکردنی ئەم ئارەزووە کە لەهەمان کاتدا ڕۆلی هەبوە لە ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان و یارمەتی دانی بونیادنانی کەسایەتی تاک و مندال لەکۆمەلگا.

ئاراستەی تیۆرەکانی بلاوبوونەوە، هەروەک لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەرکەوتن، توانی تەواوکەری قوتابخانەی پەرەسەندن (Evolution) بێت وە توانی خزمەتێکی باشی بواری ئێتنۆلۆجی وزانستە کۆمەلایەتی ومرۆڤایەتییەکان بکات، بەلام نەیتوانی بەپێی پێویست لێکدانەوەی زانستی هەبێت بۆکۆمەلێک پرس و بابەتی تر وەک : بابەتی هزری، دەروونی، فسیۆلۆجی پەیوەست بە بونیادی کەسایەتی تاک، گەشەی قۆناغەکانی منداڵ. لەم تەوەرەدا زیاتر تیشک خرایە سەر پەیوەندی نێوان توخمەکانی کولتوری گۆرانی وموزیک، بۆیە لەتەوەرەکانی تردا قوڵتر باس لە ئاراستەی تیۆری وەزیفی کولتوری دەکەین کەدوای ئاراستەی بلاوبوونەوە سەری هەڵدا، لەوێدا کۆمەلێک تێروانین و دیدی نوێش ئەخەینەڕوو تاکو بزانین ئەم ئاراستە تیۆرییە تاچ ڕادەیەک توانیویەتی خزمەت بە لێکدانەوەی هزری وزانستی ولۆژیکی بکات وە سوودبەخش بێت.

## 3.3- ئاراستەی وەزیفی کولتوری

دوایی ئەوەی ئاراستەی بلاوبوونەوەی کولتوری لەلێکدانەوەی بابەتەکانی توخمەکانی کولتوری وەک موزیک، تووشی ڕەخنەی زۆر بویەوە، چەند ئاراستەیەکیتر دەرکەوتن، ئاراستەی تیۆری وەزیفیش یەکێک بوو لەم ئاراستانەی بۆبابەتی شرۆڤەکردنی کۆمەلێک پرسی گرینگ لەکۆمەڵگادا دەرکەوت، یەکێکیش لەپێشەنگەکانی ئەم ئاراستەیە لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیا، زانای ئینگلیزی برۆنیسلاڤ مالینۆفسکی بوو لەهەموو بوارەکانی کولتوری کۆمەڵگای سەرەتایی لەناو کۆمەڵگای ترۆبریاند لەمیلانێزیا، کاری لەسەر موزیک کرد وجەختی دەکردەوە کەموزیکیش وەک یەکێک لەتوخمە گرنگەکانی کولتور پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. قسەکردن لەسەر بەکارهێنان ووەزیفەکانی موزیک یەکێکە لەبابەتە هەرە گرنگەکانی ئێتنۆموزیکۆلۆجین، ئەم زانستە زیاتر لیکۆلینەوە لەم ڕەفتارە موزیکیانەی مرۆڤ دەکات، کەلەحەقیقەتی وەسفی موزیک دا زیاتر لەماناکانی موزیک دەکۆڵنەوە. فاکتەرەکانی وەسفکردنی موزیک، ئەم کاتە گرنگی خۆی ئەبێت، کاتێ موزیک لەپرسە گرنگەکان بەشداریەکی کارا دەکات، هەروەها کاتێ کەبەکاردێ لەکێشە فراوانەکان بۆ تێگەیشتنی دیاردە جیاوازەکان، پێویستە تێبگەین پەیوەندی موزیک بەم دیاردانە چییە وە گرنگە بزانین گۆرانی وموزیک چی بۆ خەلک دەکات وەچۆن کار دەکات و وەزیفەکەی چی یە. بۆیە ئەم تەوەرە بریتی یە لەجیاوازی مانا لەنێوان (بەکارهێنان) و (وەزیفەکان)ی گۆرانی وموزیک. کەئەوەش جیاوازیەکی مانادار وبایەخدارمان پێدەبەخشێت.

ئێتنۆموزیکۆلۆجیستەکان لە رابردوودا زۆر بایەخیان بەم جیاوازیانە نەداوە، لەڕاستیدا کێشەکە تائێستا بوونی هەیە. لەئەنترۆپۆلۆجیا چەمکی وەزیفی ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی گێرا لەلایەنی تیۆری ومێژوویدا، قسەکردن لەسەر ماناکانی ئەم دوو چەمکە پێویستە ڕوون بێت کەتەواوکەری یەکترن وەلەبنەڕەتدا بەکارهاتووە وەک ئەوەی کەسەرچاوەیان لەناو کۆمەلگادا هەلقولاوە. لەکاتێکدا ئەگەر لەدەرەوە تیبینی بکرێت وحوکمی لەسەر بدرێت لەریگەی بەکارهێنانی هەلسەنگاندنی شیکردنەوەیی، سەرچاوەکەی ئەو دیاردەیە کەلەناو کۆنتێکستی تایبەتی خۆی دیراسەت دەکرێ.

لەکاتی بەکارهێنانی موزیک، هەوڵ دەدرێت زانیاری ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ بەدەست بێت لەڕیگەی تێگەیشتنی قوولتری لێکۆلینەوەی دیاردەکانی پەیوەست بەموزیک وگۆرانی. بۆیە لەوانەیە موزیک هەندێک جار بەکاربێت لەنێو هەندێ کۆمەلگا بەرێگایەکی دیاری کراوی جیا لەکۆمەڵگاکانی تر، لێرەدا ئەم جۆرە بەکارهێنانە

لەوەیە گوزارشتکردنێکی راستەوخۆ بێت وەک بەشێک لەهەلسەنگاندنی گۆرانی وموزیکی میللی (مریام، هەمان سەرچاوە : 209).

چەمکی وەزیفی لەوانەیە هەندێ جار زۆر جیاوازبێت لەکاتی خەملاندن لەڕێگەی هەلسەنگاندن وشیکردنەوەیاندا لەم سەرچاوانەی کەهەلسەنگاندنێکی میللی و سادەی ناو خەڵکی ئاسایین. بۆنموونە دەتوانرێ هەندێ شت لەبەهاکانی کولتور بکرێت لەڕێگەی شیکردنەوەی تێکستەکانی گۆرانی کەچۆن گوزارشت لە تێڕوانینی شیکردنەوەی موزیکی میللی دەکەن. بۆیە دەرئەنجامەکەی تەنیا لەبەهاکانی تیکستەکانی گۆرانی نییە، بەڵکو بەهاکان لەم تێکستانەی گۆرانی دایە کەکۆمەلێک وەزیفەی تایبەتی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکەن لەریگەی ئەو ڕاستییەی کەگوزارشت لەبەهاکان دەکەن. لەوانەیە وەزیفە بەتایبەتی گوزارشت نەکرێ یان تێی نەگەی لەتێروانینی هەلسەنگاندنی میللی. بەمانای ئەوەی کە ئیمە ئەو زاراوانە بەکاردەهێنین، ئاماژەیەکە بۆ تیگەیشتنی ئەوەی کەموزیک چی  بۆ مرۆڤ دەکات هەروەک لەلایەن لیکۆڵەری دەرەکی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ کە بەدوای ئەوەدا دەگەرێ بۆ مەبەستی زیاتر تیگەیشتنی لەڕیگەی ئەو ئامرازانەدا.

کاتێ کەقسە لەسەر بەکارهینانی موزیک دەکەین، ئاماژە بەو ریگایە دەکەین کە بۆ موزیک بەکاردێت لە کۆمەڵگای مرۆیی لە مومارەسەکردنی داب ونەریتی میللی موزیکی وەک بەهایەکی کولتوری یاخود وەک لکانی بە چالاکیەکانی تر. موزیک  لەبارودۆخێکی دیاری کراودا بەکاردێت ودەبێتە بەشێک لێوەی، بەڵام لەوانەیە لکانێکی قوولتری نەبێت، بۆیە بەکارهینانی موزیک ئاماژەیەکە بەو بارودۆخەی کە تیایدا موزیک بەکاردێت لەچوارچیوەی کردەوەکانی مرۆڤ. بەلام چەمکی وەزیفە پەیوەستە بەو هۆکارانەی بەکارهینانی موزیک وبەتایبەتی کاتێ کە حزمەت بەمەبەستیکی دیاریکراو وفراوان دەکات. چەمکی وەزیفی  لەزانستە کۆمەلایەتی بەکارهاتووە ولەهەریەکەیان بە شێوازێک ڕۆڵی خۆی دەگێرێ. ئەم بەکارهینانە جیاوازانە بۆ سێ جۆری جیاواز پوخت دەکرێتەوە.

یەکەم/ بوونی وەزیفە بەکاردێ وەک هاو واتا لەگەڵ (کردەوە) ، وەکو بەشیک کاربکات، چالاک بێت. وەزیفەی کولتور دژبەم جۆرە کولتورەی شوینەوار یان بڵاوبوونەوەیە.

دووەم/ وەزیفە دروست بووە کەماناکەی پەیوەستە بەشێوازێکی ناهەرەمەکی، واتە هەموو فاکتەرە کۆمەلایەتییەکان وەزیفەیان هەیە، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین لەکولتوردا هیچ بوونەوەرێک بێ وەزیفە نییە.

سێیەم/ وەزیفە لەمانای فیزیکی پێکەوە پشتبەستنی توخمەکانە کە ئالۆزە ونێوەندێکە بۆ ئالوگۆریەکان دژبە سادەیی، هەروەها ڕاستەوخۆیە لە بەکارهینانی موزیک و وەزیفەکانی. لە کۆتایی دا وەزیفە ئەو مانایە دەبەخشێت کەکاریگەریەکی تایبەتی هەر توخمێکە بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی بارودۆخێک، کەوا وەڵام دانەوەی مەبەستێکە کەبابەتیانە پێناسەکراوە. ئەمە یەکسانە بە وەزیفە لەگەل مەبەست کەهەر لەکاتی سپێنسەرەوە زاڵ بووە بەسەر بیرۆکەی بایۆلۆجی (مریام، هەمان سەرچاوە: 210).

بۆچوونەکانی تیۆری ڕادکلیف براون لەئەنترۆپۆلۆجیای هاوچەرخ بە توندی بەستراوە بە چەمکی وەزیفە، براون جەخت دەخاتە سەر ئەم بەکارهێنانانە، بەڵام بەجێبەجێ کردنێکی تایبەتی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە. لەم پێناسەیەدا وەزیفە بەشداریە وەک بەشێک لەکۆی گشت چالاکیەکان. وەزیفەی بەکارهێنانی موزیک وگۆرانی تایبەت بەبەشداری کردنی لەهەموو ژیانی کۆمەلایەتی وەک وەزیفەیەک لەهەموو سیستەمی کۆمەلایەتیە لای براون. ئەم دیدە ئەوە دەگرێتەوە کە سیستەمی کۆمەلایەتی جۆریکی دیاری کراوی هەیە کەئێمە باسی دەکەین وەک یەکەیەکی وەزیفی. ئێمە لەوانەیە پێناسەی بکەین وەک بارودۆخێک کەتیایدا هەموو بەشەکانی سیستەمی کۆمەلایەتی پێکەوە کاردەکەن وەک پلەیەکی تەواوی هارمۆنی یان پێکهاتێکی ناوەکی. بۆنموونە بەبێ بەرهەمهێنانی ململانێی بەردەوام وەزیفە نە دەتوانرێ چارەسەربکرێت وە نە رێکبخریت. رادکلییف براون جەخت دەخاتەوە لەسەر دوو خالی تر کە لێرەدا گرینگن. یەکێکیان ئەوەیە کە گریمانەکان پێویستیان بەبۆچوونی عەقیدەیی نییە، هەموو شتێکی ژیان لەهەر کۆمەلگایەک وەزیفەیەکی تایبەتیان هەیە. ئەمەش تەنیا پێویستی بە گریمانەیەک هەیە کە وەزیفەیەکی هەیە کەپێویستە بگەرێین بۆ دۆزینەوەیان. بێگومان ئەو بۆچوونەش کەخراوەتەروو لە بەکارهێنانی دووەمی (وەزیفە) وەک تێبینی ئاماژەی پێکراوە (العثمان 2002: 51).

خاڵی دووەم ئەوەیە کەچی بەدەردەکەوێ، موزیک هەمان بەکارهێنانی هەیە لەدوو کۆمەلگادا کە لەوانەیە وەزیفەی جیاوازیان هەبێت لەهەردوو کۆمەڵگاکەدا. بەواتایەکی تر بۆئەوەی لێکدانەوەیەکی تەواو بۆ بەکارهێنانی کۆمەلایەتی گۆرانی وموزیک بکەین، هەروەها بۆ ئەوەی بەراوردێکی گونجاو لەنێوان بەکارهێنانەکانی موزیک لەناو خەڵکی جیاواز یان نەوەکانی جیاواز بکەین، پێویستە وادابنێین کە نەک تەنیا فۆرمی بەکارهێنانی موزیک بەڵکو وەزیفەکانیشی بگرێتەوە. لەئێتنۆموزیکۆلۆجی ئەم زاراوانە زۆربەی بەگۆڕاوی لەکەل یەکتری بەکاردەهێنرێن، هەروەها هەمیشە مانایەکی تری تایبەتی هەیە لەکۆنتێکستێکی دیاری کراودا. بۆ نموونە زۆربەی جار تێبینی کراوە کەموزیک لایەنێکی تایبەتی هەیە لەکۆمەلگا نەخوێندەوارەکان. بۆنموونە لەکاتی ماتەمینی گشتی

لەنێو خەلکی (باسۆگنیی) لەوولاتی زائیر موزیک بەکاردەهێنرێت لەلایەن موزیکژەنە شارەزاکان بۆ مەبەستێکی تایبەت. ئەم ماتەمینە بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت کەبەخاک سپاردنی جەنازە وەک نەریتێک لەرۆژی دووەم دەبێت. موزیک ژەنە شارەزاکان موزیکەکانی خۆیان نمایش دەکەن دوای ئەوەی جەنازەکان بەخاک دەسپێردرێن، بەکارهێنانی ئەم موزیکە ژمارەیەک وەزیفە جێبەجێ دەکات کەرۆڵی گرنگ دەبێنێت لەهێورکردنەوەی رەوشی گرژی وخەفەتباری بەرێوەچوونی ماتەمەکە ( مریام، هەمان سەرچاوە: 211).

## 3.4 وەزیفەی دەروونی- پەروەردەیی

هەردوو بۆچوونی کولتوری و وەزیفی دەتوانرێ لەلێکدانەوەکانی کاریگەری موزیک لەسەر کەسایەتی ورەفتاری تاکەکەس جێگای خۆی بکاتەوە، لەبەرئەوەی موزیک وەک بەشێک لەکولتور دادەنرێ، گۆرانی وموزیک دەتوانێ ڕۆڵی گرنگی هەبێت لەگونجانی منداڵ بۆناو کولتوری کەمەلگا، هەروەها وەرگرتنی کولتور وبەهاکانی بەقووڵی لەناخی منداڵ جێگیر دەکات ومنداڵ وەک ئەندامێکی کۆمەلگا هەژمار دەکات. کەواتە لێرەدا تێروانینی ئەنترۆپۆلۆجی تیشک دەخاتە سەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵ لەچوارچیوەی سیاقی کولتوری تایبەت بەچالاکیەکانی گۆرانی وموزیک وپێگە ورۆڵیان لەگواستنەوەی بەهاکانی کولتوری بۆ منداڵ ودروست بوونی کەسایەتیەک کەکۆک و گونجاو بێت لەگەل فۆڕم وبەهاکانی کۆمەڵگا، بەمانەش منداڵ وەک تاکێکی پێشکەوتووی کۆمەلگا قبول کراو دەبێت ( المصمودی، 2017 : 2).

قولبوونەوە وتێگەیشتنی دیاردەی موزیکی بەشێوەیەکی تەواوو ڕاست ودروست زۆر گرنگە، چونکە چالاکیەکانی گۆرانی وموزیک دەچنە نێو هەموو بوارەکانی ژیانی کولتوری وکۆمەلایەتی ئەوەی پەیوەستە بەبابەتی دەنگ رووچۆتە ناو هەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی، کولتوری، ئابووری، سیاسی، دەروونی. ئەم بوارانە بەشدارن لەدیراسەتکردنی کۆمەلگا لەرێگەی کارهەونەریەکان بەگشتی و گۆرانی وموزیک بەتایبەتی کە دەردەکەوێ ئینجا لە شێوەی ماددی بێت یا مەعنەوی (هەمان سەرچاوە :6 ).

ئەم وەزیفەیە ئاوێتەیەکە لەوەزیفەی دەروونی وپەروەردەیی سەبارەت بە گۆرانی وموزیک کەبەشداری دەکات لەدروست کردنی کەسایەتی منداڵ لەقۆناغەکانی تەمەنیدا. زۆربەی توێژینەوە زانستیەکان کەلەسەر کاریگەری گۆرانی وموزیک ئەنجام دراون بەڵگەن سەبارەت بەم ڕاستیەی کەهەر لەوکاتەی منداڵ لەناو سکی دایکیەتی هەست بەلەرەلەرە دەنگەکانی گۆرانی وموزیکدەکات، هەروەها کاریگەری بەرچاویان دەبێت لەسەر گەشەی کۆرپەلەکە. دوای هاتنە دونیای منداڵ دەنگی دایک لەئارام کردنەوەی کۆرپەلە لەکاتی گریان وخەوتنی منداڵ کاریگەری زۆری دەبێت. لەرووی دەروونیەوە گۆرانی وموزیک ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەبونیاتنانی کەسایەتییەکی پتەو بۆ منداڵ کە دووربێت لەتوند وتیژی، ئەمانە وادەکەن منداڵ هێمن ولەسەرخۆ وجێگیر بێت. لەبەر ئەمە گۆرانی وموزیک لەپاڵ وەزیفەی پەروەردەیی، وەک وەزیفەیەکی دەروونی گرنگ وکاریگەر ڕۆڵ دەبینێ بۆ بونیادنانی کەسایەتی لەمنداڵ.

سەبارەت بەڕۆڵی گۆرانی وموزیک لەوەزیفەی پەروەردەیی سەرەتا لەیەکەم دەزگای پەروەردەیی دەست پێ دەکات کەئەویش خێزانە، گوێگرتن وبەکارهێنانی گۆرانی وموزیک لەناو خێزاندا کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵ بەتایبەتی ئەم موزیک وگۆرانیانەی کەبەفۆڕم وشێوازی ئارام بەخش کاریان لەسەر کراوە، لەڕووی پەروەردەییەوە رەفتاری مندال بەرەو کەسایەتی ئارام وهێمن وهاوسەنگی دەبات. کاتێ گۆرانی وموزیک لەچوارچیوەی خێزان وەک ئامرازێکی پەروەردەیی بەکاردێت ئەرکی بەشداریکردن ئەبێت لەپەروەردەکردنی مندال تا ببێت بەئەندامێکی تەندروست لە کۆمەلگادا. بەکارهێنانی گۆرانی وموزیک بەشێوەیەکی کارا لەناو خێزاندا کەخۆیان موزیک ژەن وگۆرانی بێژن ڕۆڵی یەکجار گەورەتری دەبێت لەوەی کە تەنها گوێگربیت، چونکە پەروەردەی مندال لەم ژینگە هونەرییە دەبێتە پالنەرێک مندال بەرەو کەسایەتییەکی هاوسەنگ وجێگیر ڕادەکێشێت بەبێ ئەوەی منداڵەکە ویستی لەسەر بێت.

دوای دامەزراوەی خێزان قوتابخانە بەوێستگەی دووەم دائەندرێت، وەک دامەزراوەیەک وەزیفەیەکی پەروەردەیی گرنگی هەیە لەفێرکردنی مندال، لەبەرئەمە بەکارهێنانی گۆرانی وموزیک لەقوتابخانەکاندا وەک ئامرازێک لەبونیادنانی کەسایەتی منداڵ یارمەتیدەرە لەهێورکرنەوەی دڵەراوکێی منداڵ لەکاتەکانی خوێندنی وانەکان لەقوتابخانە، وانەکانی هونەر بەگشتی وگۆرانی وموزیک بەتایبەتی لەخوێندنگاکاندا لەبواری پەروەردە وفێرکردن پشکی شێریان بەردەکەوێت، هەمیشە زانایانی بوارە جیاجیاکانی پەروەردە جەخت لەگرینگی بابەتە هونەریەکان دەکەنەوە بۆ بەرزکردنەوەی توانای گوێگرتن وئەزبەرکردن، گۆرانی وموزیک واڵە فێرخوازان ئەکات لەدوای هەستکردنیان بەشەکەتی جارێکیتر ماندوو بونیان بحەسێتەوە وناخ ودەرونیان ئاسودەبێت وجارێکیتر ئامادەبن بۆ وەرگرتنی زانیاری لە وانەکانیتر، بەم هریەشەوە منداڵان بەکاتێکی زووتر وماندوو بونێکی کەمتر وتێچوێکی کەم زۆرترین بابەتی زانستی و سودی پەروەردەیی وەرگرن.

پەروەردە وفێربوون لەڕێگای گۆرانی وموزیک نەک تەنها لەوانەی سروود بەڵکو لەوانەکانی تری وەک کوردی بیرکاری ئینگلیزی... سودیی زۆریان لێوەرگیراوە ولەخوێندنگا پێشکەوتووەکان زۆر گرینگی بەم بوارە ئەدرێت، لەڕێگای دروستکردنی تاقیگەی موزیکی منداڵان فێری گۆرانی چڕین، گوێگرتن، ژەنینی ئامێرەموزیکیەکان دەکرێن، ئەم جیاوازیەی لەنێوان قوتابخانە پێشکەوتووەکان وقوتابخانە ئاساییەکاندا هەن زۆر بەڕونی لەکاتی وەرگرتنەوەی نمرەکانیان بەدیار دەکەون، لەلایەکیتر مەعریفەی فێرخوازەکانیان فراوانتر وئاستی چێژ وەرگرتنیان بەڕادەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت. ئەمانەش بێگومان کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر

گەشەسەندنی توانستی زانستی منداڵ هەروەک زۆرێک لەتوێژینەوە زانستیەکان ئەم گریمانانەیان پشت ڕاستکردۆتەوە (Schellenberg 2004).

## 3.5 وەزیفەی کۆمەلایەتی

وەزیفەی کۆمەلایەتی گۆرانی وموزیک بەشێوەیەکی بەرفراوان بەستراوەتەوە بەرەفتاری کۆمەلایەتی ئەمەش بەپێی تیۆری ئێتنۆموزیکۆلۆجی رەفتاری کۆمەلایەتی موزیکی بۆسەر سێ بەش دابەش دەکرێت.

یەکەم/ ڕەفتاری فیزیکی، دابەش دەبێت بەسەر دووبەشی سەرەکی ئەمانیش گرژی دەنگ لەڕووی فیزیکی ودۆخی جەستەن لەبەرهەمهێنانی دەنگ، کەدەبنە کاردانەوەی فیزیکی وئۆرگانیزمی تاک بۆ دەنگ.

دووەم/ ڕەفتاری کۆمەلایەتی، دروست بوونی رەفتارێکی پێویستە بۆ تاک، چونکە تاکی موزیسیان و ناموزیسیانیش پیویستی بەم رەفتارەیە بەتایبەتی لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێک یاهەر کارێکی موزیکی.

سێیەم/ رەفتاری کرداری، پەیوەستە بەدەربرینی پێکهاتەی کرداری دەربارەی سیستەمی موزیکی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕەفتارەی کاتێ کە دەنگی موزیکی بەرهەم دێت، بە بێ ئەو رەفتارە هیچ دەنگێکی موزیکی بوونی نابێت.

ڕەفتار خۆی لەخۆیدا دەکەوێتە ژێر باری ئاستی سێیەم کەئەمیش ئاستی تێگەیشتنی چەمکی موزیکەکەیە. بۆئەوەی لەسیستەمی موزیکی کاربکەیت، پێویستە لەسەر تاک  پێش هەموو شتێک تێبگات چ جۆرە رەفتارێک چ جۆرە دەنگێکی پێویست بەرهەم دێنێت. ئەوەش بەتەنیا لەرێگەی رەفتاری فیزیکی، کۆمەلایەتی، کرداری ناکرێت، بەڵکو پێویست بەو تێگەیشتنە دەکات کە موزیک چیەو  چۆن جێبەجێ دەکرێت، ئەو پرسیارانە ئەوە دەگرێتەوە وەک جیاوازی لەنێوان موزیک وژاوەژاو. وە ئەو سەرچاوەیەی کەموزیکی پێ وێنا کراوە، سەرچاوەکەی تواناکانی موزیکی تاکە لەقەبارەی گونجاو لەناو گرووپی موزیکی. بۆیە بەبێ چەمکەکانی موزیک رەفتار روونادات وە بەبێ رەفتار دەنگی موزیک بەرهەم نایەت.

لێرەدا ڕەفتاری موزیکی لەئاستێکدادەبێ کەبەهاکان دەربارەی موزیک بوونی هەبێ وەبە تەواوی وبەووردی ئەو بەهایانە فیلتەر کرابن، هەموو ئەمانەش دەکرێت لەرێگەی سیستەمێک بۆ ئەنجام دانی بەرهەمی موزیکی کۆتاییان بێت ( مریام، هەمان سەرچاوە: 211).

شایەنی باسە موزیک کۆمەلێک وەزیفەی کۆمەلایەتی دەرەخسێنێ یەکێک لەم وەزیفانەش خۆشگوزەرانییە لەکۆمەلگادا کەپێشکەشی تاکەکانی دەکات. ئەم وەزیفەیەش لەکۆمەلگایەک بۆ کۆمەلگایەکی تر جیاوازە، بۆنمونە لەوولاتانی رۆژئاوا ئەم خۆشگوزەرانیە  پاراوە دەبێت بەبونیادێکی تایبەتی موزیک. چونکە وەزیفەی خۆشگوزەرانی تەنها وەزیفەی گۆرانی و موزیک نیە ولکاوە بەوەزیفەکانی تری کۆمەڵگا وتەواوکەری ئەمانیترن، بەلام وەزیفەی خۆشگوزەرانی لەکۆمەلگا سادە ونەخوێندەوارەکان  بەبەربلاوی بەدی دەکرێت. بۆیە لەڕووی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردنەوە موزیک وگۆرانی دەتوانێ ژینگەیەکی خۆشگوزەرانی گونجاو برەخسێنێ بۆ تاکی کۆمەلگا بەتایبەتی مندال کەهەست بە خۆشی وگەشبینی بکات لەژیان لەڕێگەیەوە، ئەمەش بۆ کەسایەتی مندال ومتمانە بەخۆبوون لەپرۆسەی فێربوون  ڕۆڵێکی ئەرێنی باشی ئەبێت.

یەکێکیتر لەوەزیفەکانی گۆرانی وموزیک وەزیفەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە موزیک زمانێکی جیهانیە وموزسیانەکان زۆر بەئاسانتر لەبابەتە زانستیەکانیتر دەتوانن پەیامەکانیان بلاوبکەنەوە وبیدەن بەگوێی ناوچەکانی دەورووبەر وولاتانی جیهانی، هەرچەند بەشێوەیەکی بەربلاو پەیامە موزیکیەکان زیاتر لەرووی کولتور شێوەیان وەرگرتووە وسودیان لێوەرگیراوە لەلایەن ناوچە سادەکان وولاتانی ڕۆژهەلاتی بەپێچەوانەی ولاتانی ڕۆژئاوا، کێشەی گەورە لەم ناوچانە ئەوەیە چۆر وشێوازی گۆرانی وموزیکەکانیان روون نیە، بەتایبەتی لەدیاری کردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان، زۆر لەتێکستەکانی گۆرانی سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆکۆنتێکستە کولتوریەکەی وچۆنیەتی بەکارهێنانی کەکاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی کۆمەلایەتی چونکە بەزمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتنی تاکەکان دارێژراوە. وەزیفەی موزیک وەک ئامرازی پەیوەندی کۆمەلایەتی گرنگی خۆی دەبێت لهمانەش هۆیەکن بۆ گواستنەوەی هەستی سۆزداری یا ئەو شتانەی هاوشێوەی سۆزدارین.

شایەنی باشە موزیک هاوبەشە وەک چالاکی مرۆیی لەلایەن زۆرینەی زۆری خەلک، ئەمەش بەهۆی هەلقولاویەکەیەتی لەکولتورە جیاجیاکان وبوەتە ئامرایکی بەهێز بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان تاکەکان. بۆیە لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردنیش گۆرانی وموزیکش هەمان پێگەی تێگەیشتن ویامەتی وشوێنگرێکی گفتوگۆیی بەهێزی وەرگرتووە لەنێوان فێرکەر وفێرخواز وەبۆتە ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لەنێوان قوتابیان لەلایەک ومامۆستایتنیش لەلاکەی ترەوە، ئەمەش هەنگاوێکی رێخۆشکەرە لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن بۆ گەیاندنی پەیامی پەروەردە وفێرکردن بەشێوەیەکی باشتر و گونجاو تر.

گۆرانی وموزیک بۆ کۆنترۆڵ کردنی لایەنە کۆمەلایەتیەکان رۆلێکی گرنگ دەگێرن، چونکە گۆرانی وموزیک وەک بەشێک لەکولتور لەرووی کۆمەلایەتیەوە دەتوانن ببێتنە وەزیفەی فشار بۆ گونجاندن تاکبەگشتی و منداڵ بەتایبەتتر لەگەل فۆرمەکانی کۆمەلگا، گۆرانی وموزیک لەرێگەی ئاگادارکردنەوەی راستەوخۆی هەلەکانی ئەندامانی کۆمەلگا بونیادی ناراستەوخۆی رەفتاری گونجاوی تاکەکانی کۆمەڵگا ئەخەنە ئەستۆی خۆیان. بۆنموونە لەکاتی رێورەسمی ئاراستەکرن وئامۆژگاری کردن، کاتێ کە ئەندامانی کۆمەلگا بەشێوەیەکی تایبەت ئامۆژگاری دەکرێن کەچ رەفتارێک گونجاوە وچی نەگونجاوە بەتایبەتی بۆ مندال زۆرێک لەگۆرانیەکانی مندالان کەلەرووی پەروەدەییەوە بەرهەم هاتوونە هۆشداری دەدات سەبارەت بەشتی راست ودروست وشتی خراپ ونادروست. بۆیە بەیەکێک لەوەزیفە سەرەکییەکانی گۆرانی وموزیک هەژمارکراون، چونکە دەبن بەمایەی فشار و کاریگەری دروست دەکات لەسەر منداڵان وهەرزەکاران بۆ خۆگونجاندنیان لەگەل فۆرمە رێپێدراوە کۆمەلایەتیەکانی نێو کۆمەڵگا.

گۆرانی وموزیک لەرووی وەزیفەی کۆمەلایەتی رەنگە وەزیفەی شەرعیەتی دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان وریۆرەسمی ئایینیشی هەبێت. لەکاتێکدا گۆرانی وموزیک بەکاردێ لەبارودۆخە کۆمەلایەتی وئایینی یەکان، لەوانەی موزیک رۆلی هەبێت لە شەرعیەت پێ دانی ئەم دامەزراوانە وریۆرەسمانە. وەزیفەی یەکەمی گۆرانی وموزیک بۆ پاراستنی نیزامە وە بۆ رێکخستنی سمبۆلەکانی رێورەسمەکانە. ئالان مریام ئاماژە بەبورووس (1950) دەکات کە دەلێ: (یەکێک لە وەزیفەکانی گۆرانی لەناو توامۆتۆس گواستنەوەی ووزەی سحریە لەریگەی گۆرانیە ئاینیەکاندا)، لەکۆمەلگای ئیسلامیدا لەکاتی خوێندنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز تاکەکەس واز لەتەم ومژ دێنێ بۆ شەرعیەت دان بەسیستەمی کۆمەلایەتی کەرێزگرتنە لەکاتی قورئان خوێندن وەسیستەمە ئایینی یەکان شەرعیەتیان پێ دراوە.

دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان وریۆرەسمە کۆمەلایەتییەکان شەرعیەتی پێدراوە لەرێگەی گۆرانی وموزیک جەخت دەکاتە سەر ئەوەی چی گونجاوە ونەگونجاوە لە کۆمەلگا. هەروەها بەکارهێنان ووەزیفەکانی موزیک کە خەلکی چی دەکەن وچۆن دەیکەن. ئەم وەزیفەی موزیکە بۆیە پێویستی بەزیاتر دیراسات هەیە دەبێت دراسەتی لەسەر بکرێت وەبەووردی گوزارشت بکرێت، تا لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن ڕۆڵی گرنگی خۆی هەبێت.

وەزیفەیەکی تری کۆمەلایەتی موزیک وەزیفەی بەشداریکردنە لە بەردەوامی وسەقامگیری کولتوری هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، موزیک کۆمەلێک وەزیفەی کۆمەلایەتی پێشکەش دەکات وەک گوزارشت کردن لەسۆزداری وچێژی جوانی وخۆشگوزەرانی، هەروەها کاردانەوەی فیزیکی هەیە وگونجاندن لەفۆرمی کۆمەلایەتی بەهیز دەکات، هەروەها شەرعیەت دەدات بە دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان وریۆرەسمە ئاینییەکان.

ڕوون وئاشکرایە گۆرانی وموزیک بەشداری دەکەن لەبەردەوامی وسەقامگیری کولتوری وکۆمەلایەتی. بەو واتایەی لەوانەیە بەشداریەکەی کەمتر نەبێت لەلایەنەکانی تری کولتوری، ئێمە لەوانەیە وەزیفە بەکاربێنین لە مانایەکی سنووورداری ژەنینی بەشێک لە ئاواز وئامێرە موزیکیەکاندا. لەهەمان کات زۆر لەتوخمەکانی تری کولتور هەلی زۆریان نیە بۆ دەربرینی هەست وسۆز وخۆشگوزەرانی وپەیوەندی کۆمەلایەتی، بەڵام ئەبینین گۆرانی وموزیک بەزۆری کردوویانە. هەروەها گۆرانی وموزیک لەچوارچیوەی چالاکی بۆ دەربرینی بەهاکان وماناکان سایکۆلۆجی کولتوری پیشانداوە میکانیزمەکانی پارێزگاری کردنە لەم چالاکیە کولتوریانەی تر کەلەدەوروبەریدان. بەم واتایەی بەشداری لەوەزیفە دەکات لەگەل کەسانی تر لەهونەرەکان. ڕێرەوی مێژوو، ئەفسانە، داستانەکان، بەلگەیەکن بۆ بەردەوامی کولتور لەرێگەی گواستنەوەی پەروەردە وکۆنترۆل کردنی هەلەو لادانەکانی ئەندامانی کۆمەلگا وەجەخت کردنە سەر ئەوەی چی راستە و چی هەڵەیە، ئەمەش بەشداری کردنە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی وسەقامگیری کۆمەلگا. بوونی کولتور بەم شێوەیەی کەچالاکی گۆرانی وموزیک لەگەلی دایە ئەندامانی کۆمەلگا دلنیادەکاتەوە جیهان بەردەوامە وبەگونجاوی تێدەپەرێت ونیشانی دەدات کەوەک میکانیزمێکی کولتوری، موزیک نزیکە بکات بەهەموو لایەنێکی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ. (مریام، هەمان سەرچاوە).

بەشێوەیەکی سەرەکی وەزیفەکانی موزیک میکانیزمێکی کولتورین ئامرازێکن بۆ فێربوونی بوارەکانی کولتور وپەروەردە. مرۆڤی سەرەتایی (Aboriginal) لەماوەی ژیانیدا دەوردراوە بەزۆرێک لەرووداوەکانی موزیکی کەتیایاندا ئامۆژگاری تاک دەکرێت دەربارەی ژینگە سروشتیەکەی وە سوودوەرگرتنی لەلایەن مرۆڤەوە فێری تێروانینی دونیایی دەکات وشێوەیەک دەبەخشێ بەسیستەمی بەهاکانی، وەزیفەکانی گۆرانی وموزیک دووبارە تێگەیشتنی مرۆڤی سەرەتایی بەهێزدەکات دەربارەی چەمکەکانی پێگەو ڕۆل. بەتایبەتی دروشمی ئەندامیەتی بۆ تیرە وهۆزەکەی وە شەرعیەتی سیستەمی باوەڕی ئایینی وەک سمبۆلەکانی پێگە لەبەردەوامبوونی پلەوپایەدا. هەروەها جۆرەکانی تر بەکاردێ بۆ بەرزبوونەوەی هەست وسۆزی تاک لەکاتی کەش وهەوای بەرێوەچوونی ڕیتواڵەکان، ئەمانەش جۆرێکن لەمیکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی لەرێگەی ئامرازەکانی سەرووی سروشتی یەوە، هەرچی بەشەکانی رووداوە سروشتی یەکانە بەپێچەوانەوە کۆنترل ناکرێن. هەروەها هەندێ جۆری گۆرانی دەرچەیەک دێنێتە ئاراوە بۆ داهێنانی تاک لەکاتێکا زۆربەی بەکاردێت بۆ زاڵ بوون بەئاسانی بەسەر کێشەکانی دەروونی وخەمۆکی ودڵەڕاوکێ. لەهەموو حاڵەتێکدا وەزیفەی بەکولتوربوونی موزیک یارمەتیدەرە بۆ فۆڕمەلەکردنی کەسایەتی کۆمەلایەتی مرۆڤی سەرەتایی لای نموونەی کولتوری کۆمەلگا سەرەتایی یەکان. (مریام، هەمان سەرچاوە).

وەزیفەیەکی تری کۆمەلایەتی کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت وەزیفەی بەشداری گونجانە لەگەل کۆمەلگا، بەو واتایەی کەئێمە وەزیفەی موزیک واچاوەروان دەکەین کەروونە بۆ دابین کردنی خالی هاوکاریکردن بۆ یەکگرتنی ئەندامانی کۆمەلگا وخۆگونجاندنیان لەگەل بەهاو فۆڕمەکانی بۆ دەستەبەرکردنی خود وەکو تاکێکی ئەم کۆمەلگایە. بۆیە یەکێک لەوەزیفەی تری کۆمەلایەتی موزیک لەراستیدا بۆ گونجاندنی تاکە لەگەل کۆمەلگاکەی وە دروستبوونی ئەو قەناعەتەیە لایان بەوەی بەشداری هەندێ شتیان کردووە بۆ دلنیابوون لەوەی کەسەر بەهەمان خێزانن تادلنیابن کەسەر بەهەمان گرووپن وە بەشدارن لەهەمان بەهای وەک یەک، وە هەمان شێوازی ژیانیان هەیە، گرووپەکە پارێزگاری لەفۆرمی هونەری هاوشێوە دەکات، هەرلە بەرئەوە موزیک هاوکاری وئینتمای خێڵەکی دووبارە نوێ دەکاتەوە.

لەم بارەیەوە رادکلیف براون جەخت دەکاتە سەر وەزیفەی گونجانی کۆمەلایەتی لە کاتی سەمای هۆزی ئەندەمانەکان (Andamanese dance,)، سەمای ئەندەمانەکان کەگۆرانی لەگەل دایە، بۆیە لەوانەیە وەسفبکرێت وەکو چالاکیەک کەتیایدا پشت بەستە بەکاریگەریەکانی ڕیتم ومیلۆدی، هەموو ئەندامانی کۆمەلگا دەتوانن بەشێوەیەکی گونجاو هاوکاری یەکتر بکەن وەبە یەکگرتوویی کاربکەن. ئەم خۆشیەی کەسەماکار هەستی پێدەکات وخۆی نمایش دەکات لەهەموو شتێک زیاتر لەدەورووبەری پر بلیمەتی وخۆدەرخستنە بەرامبەر هەواداران وهاورێکانی. دەربرینی خۆشی کۆمەلە هەستێکی زۆر فراوانە بۆیە بەم ڕێگایە سەما دۆخێک بەرهەم دینێ کەتیایدا یەکگرتن وهارمۆنی وهاوئاهەنگی نێوان تاکەکانی گرووپی کۆمەلایەتی لەبەرزترین ئاستدایە وبەزەقی لەلایەن هەموو ئەندامەکانی هەستی پێ دەکرێت. بۆ بەرهەم هێنانی ئەم دۆخە کەوا وەزیفەی سەرەکی سەما وخۆشگوزەرانی وتەندروستی باشە. بوونی کۆمەلگای هاوسەنگ وسەقامگیر وخۆشگوزەرانیش پشت بەستە بە یەکگرتن وهاوئاهەنگی نێوان ئەندامەکان. سەما کەبەچری هەستی پێ دەکرێت ئامرازێکە بۆ پارێزگاری کردنی ئەو دۆخە تەندروستە. سەماکردن دەرفەتێک دەرەخسێنێ بۆ کردەوەیەکی راستەوخۆی کۆمەلگا سەبارەت بە تاک، دەردەکەوێ هەستی تاک گوزارشت دەکرێ کەتیایدا هەماهەنگی کۆمەلایەتی بەردەوام دەبێت وپاریزراو دەبێت. کەواتە موزیک خالێکی خولاو پێشکەش دەکات لەم دەورووبەرە کە ئەندامانی کۆمەلگا کۆدەبنەوە بۆ سەرقالبوون لەچالاکیەکان پێویستی بەهاوکاری وهەماهەنگی گرووپەکە هەیە (ایریکسون و نیلسون، 2013: 72).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیە بکرێت کەهەموو موزیکێک ئەدا ناکرێت، بەلام هەر کۆمەلگایەک دەرفەتی هەیە جۆرێک لەموزیک ئەدا بکات بۆ بۆ کۆبوونەوە وراکێشانی ئەندامانی وبیرهێنانەوەیان بۆیەکگرتن. ئەگەری زۆرە ئەم کۆمەلە وەزیفەی موزیک پێویستی بەچربوونەوە وفراوانبوونەوە هەبێ، بەلام بە گشتی ڕۆڵی موزیک لەکولتوری مرۆیی زۆر ڕێک وپوخت دەبیندرێت، روون وئاشکراشە مرۆڤ دەست بەرداری گۆرانی وموزیک نابێت کەبەشدارە لەئەنجام دانی زۆرینەی چالاکی گونجاو کەڕۆڵی گرنگی هەیە لەبیناکردنی کۆمەلگا.

ئێرنست کایزەر زۆرێک لەتیۆریە جیاوازەکانی سروشتی هونەری رەتدەکاتەوە، ڕەگ وبنەچەی هونەریشی گەڕاندۆتەوە بۆ بۆچوونەکانی (ئەرستۆ) کەپێی وایە هونەر بەشیوەیەکی بنەرەتی لاسایی کردنەوەیە، واتە لای کایزەر (Cassirer ) وەزیفەی بنەرەتی هونەر لاسایی کردنەوەیە. ئامانجیشی بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئەگەر هەموو جوانیەک ڕاستی بێت، ئەوا هەموو راستیەک بەزەروورەت جوانی نییە. وەبۆ ئەوەی بگەیت بەبەرزترین بەهای جوانی، تەنیا ئەوە جەوهەریە کەلەسروشت لابدەیت بۆ دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سروشت، بۆیە کایزەر لەپێناسەی هونەردا دەڵێت (هونەر پێناسەی زمانی سمبۆلە).

لەلایەکیتر کازیرەر پشت بەستە بەبۆچوونی رۆسۆ و گۆتی، کەوا هونەر تایبەتمەند وسیفاتدارە، ئەمە زیادەرەوی سۆزداریە کەشێوەی گرتووە بۆناو هەموو وەزیفەکان، بەشەکانیان گوزارشت لەهەستی تاک دەکات، بەلام ئەگەر ئەوە هۆکاری بوونی هونەرە، کازیرەر پێی وایە ئەوە نابێتە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی ساکاری شتەکان، وەکو ئەو بۆچونەی کە هونەر بە لاسایی کردنەوە دادەنرێت. بەلام زیاتر دەبێتە دووبارە بەرهەم هاتنی ناوەوەی ژیانمان وکاریگەریەکانمان وسۆزداریەکانمان. ئەم دەڵێت هونەر زۆرلەمە زیاترە هەروەک بە کاریگەری تیۆری چێژ وەرگرتن وەسف کراوە، یا پێیان وایە هونەر تەنیا بوونی هەیە بۆ چێژوەرگرتن، ئەمە لەکاتێکایە کازیرەر کۆکە لەسەر ئەوەی چێژ بەشێکە لەهونەر، گۆرانی وموزیکیش بەشەکەیترن لەچێژی هونەری ( مریام، هەمان سەرچاوە: 212).

## 3.6- ئاراستەی کولتوری مەعریفی

سەرەتا بەرلەمەی باس لەرۆل وگرنگی موزیک وگۆرانی لەبونیادنانی کەسایەتی مندال بکەین، پێویستە بگەرێینەوە سەر رێرەوی مێژوویی وتیۆری ئەنترۆپۆلۆجیا وپەیوەندی بەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، کەرەنگە ڕەگ وڕیشەکەی زیاتر بگەرێتەوە بۆ چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم کە لەئەمەریکا لەچوارچیوەی ئەنترۆپۆلۆجیای کولتوری سەریهەڵداوە.

مارگریت مید بەیەکێک لەپیشەنگەکانی ئەنترۆپۆلۆجیە ئەمریکیە کولتوریەکان دادەنرێ کەسەربە قوتابخانەیەکی کولتوریە وگرینگیەکی زۆریان بەکەسایەتی وگفتوگۆ ودیراستکردنی کولتور دەدا. پاشان روت بەنەدیکت (١٨٧٧- ١٩٤٨) کەزانایەکی تری ئنترۆپۆلوجیە وقوتابی مارگریت میدە وبەیەکێک لە پێشەنگەکانی تری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێ گرنگی زۆری بەلێکۆلینەوە لەسەر هەلسوکەوتە جیاوازەکانی تاک لەکۆمەلگا

جیاوازەکان لە بواری پەروەردەدا، توێژینەوەکانی ڕوت لە بواری پەروەردە بەدید وتێروانینی ئەنترۆپۆلۆجی لەپێناو دەرخستنی ئەم ڕاستیە کولتوریە جیاوازانە بوون کە کەسایەتی جیاوازیان بەرهەم دەهێنا.

دوای ئەوەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا لەسەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی وچەند لقێکی جیاواز لەئەنترۆپۆلۆجیا سەری هەلدا، ئەنترۆپۆلۆجیای دەروونیش یەکێک بوو لەم لقانە، هەمیشە هەولی ناسینی کەسایەتی مرۆڤی دەدا لەهەریەک لەگۆشەنیگای کولتوری، دەروونی، کۆمەلایەتی. ئەم لقە لەماوەی چل سالی ڕابردوو بەشێوەیەک پێشکەوتنی بەخۆوە بینی کەوێنەی کەم بوو، جیاوازیەکەی دەگەڕایەوە بۆ جۆری توێژینەوەکانی کەزۆربەیان لەبواری کولتور وکەسایەتی دابوون، بۆیە هەندێ کەس ناوی دەبەن بەکولتور وکەسایەتی (cultural and personality). یەکێک لەبابەتە گرنگەکانی ئەم لقە، گرنگی دان بوو بەچەمکەکان لەمانەش چەمکی بەکۆمەلایەتیبوون (Socialization) کەتیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی گەشەکردنی کۆمەلایەتی تاکەکەس لەکۆمەلگا هەر لەمندالیەوە تا قۆناغی کامل بوون، کە چۆن ئەو ژینگەیەی کەمندال تیایدا پەروەردە دەبێت کاریگەری هەیە لەسەر وەرگرتنی ئەم بەها کۆمەلایەتیانەی کەزالە بەسەر دروستبوونی کەسایەتی مندال وقۆناغەکانی گەشەسەندنی کەسایەتیەکەی لەکاتی لەدایک بوونیەوە تا گەیشتنی بەقۆناغی کامل بوون.

هەروەک چۆن گریکەکان لەسەرەتای دەستپێکی تەمەنی مندال ولەتەمەنی سێ سالیەوە بەزۆرە ملێ منالانیان بەموزیک پەروەردە دەکرد وموزیک بەشێک بوو لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانەکانی سەرەتایی.

کرادنەر (kradner) کەبەیەکێک لەباشترین ئەم زانایانە هەژمارئەکرێت کەگرنگی دابە دیراسەت کردنی ڕۆلی فاکتەرەکانی دەروونی لەسەر دروستکردنی کەسایەتی وجەختی دەکردەوە لەسەر کاریگەری سیستەمە کولتوریە زالەکان لەناو کۆمەلگا بەتایبەتی ئەزموونی کۆمەلایەتی ناو خێزان لەماوەی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەلایەتی، رۆلێکی سەرەکی دەبینێت لەدروستکردنی جۆرێک لەپێکهاتەی کەسایەتی سەرەکی لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەلگا. کرادنەر لەمیانەی توێژینەوەکانی بەم دەرئەنجامە گەیشت کەهەندێ سیستەمی تایبەت بەپەروەردەی مندال هەیە کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی مندال وبەدرێژایی ژیانی لەگەلیدا دەمێنێتەوە ودەبێتە شێوازێکی کەسایەتی سەرەکی وجێگیر لەناو کۆمەلگا.

تیۆری کرادنەر لەلایەک لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرا کە کەسایەتی سەرەکی بۆ کۆمەلگا دروست دەبێت لەئەنجامی عاداتی پەیرەوکراو لەلایەن کۆمەلگا سەبارەت بە شێواز وچۆنیەتی پەروەردەکردن وگەشەکردنی منداڵ. لەلایەکی تر تیۆرەکەی تیشک دەخاتە سەر پێچەوانەی ئەم کەسایەتییە سەرەکییەی لەکۆمەلگا دروست بوە، کاریگەری گەورە دروست دەکات لەسەر سیستەمە کۆمەلایەتییەکانی وەک ئایین، سیاسی، ئابووری... ، واتە کولتوری زاڵ لەناو کۆمەلگا کاریگەری بەرچاوی هەیە لەدروستکردنی کەسایەتی سەرەکی لەقۆناغێک لەقۆناغەکان لەناو کۆمەلگا وپاشان ئەم کەسایەتییە بەدەوری خۆی کاردەکاتە سەر کولتوری کۆمەلگاکانیتریش (النوري, 1981: 86).

لێرەدا توێژەر هاوڕایە وپێی وایە کەگۆرانی وموزیک دەتوانێ وەک بەشێک لەسیستمی کولتوری رۆلێکی گرنگ بگێرێ لەبونیادنانی کەسایەتی تاک بەگشتی ومنداڵ بەتایبەتی لەچوارچیوەی پرۆسەی پەرەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکان.

رۆت بەنەدیکت (Ruth Benedict) جیاواز لە کرادنەر وپەیوەندیەکانی شێوازی کولتوری زاڵی بەسیفاتەکانی کەسایەتی لەکۆمەلگای سەرەتایی بەستەوە. ئەم زانایە پێی وابوو کەکاریگەری کولتور لەسەر بونیادنانی کەسایەتی لەکۆمەلگایەک بۆ کۆمەلگایەکی تر جیاوازە، هەندێ کولتور کەسایەتی ئارام دروست دەکات کە دەبێتە مایەی بونیادنانی کۆمەلگایەکی ئارام وخۆشگوزەران وسەقامگیر لەکاتێکا هەندێ کولتور کەسایەتی توندوتیژ بەرهەمدێنێ کەدەبێتە مایەی بونیادنانی کۆمەلگایەکی توندرەو وکەتاکرەوی وململانی ودووبەرەکی تیایدا بالادەستە. بەواتای  کۆمەلێک کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی دیاری کراویان لەژێر دەستە کەحوکمی رەفتاری تاکەکان دەکەن ئەم کۆنترۆل ونموونانە لەکۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر گۆرانکاریان بەسەردا دێت وجیاوازن. (العثمان, 2002: 62).

سیگمۆند فرۆید لەمیانەی تێگەیشتنی بۆ کولتور ودیراسەت کردن وشیکردنەوەی کەسایەتی لەکۆمەلگا سەرەتایی یەکان وجیاوازی لەنێوان پێکهاتە کەسایەتییەکان لەکولتورە جیاکان وزانینی هەل ومەرجەکانی کەسایەتی وسیفاتەکانی لەهەریەک لەم کۆمەلگایانەدا، بۆی دەرکەوت کولتوری زاڵ لەهەر کۆمەلگایەک لەکۆمەلگاکاندا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تاکەکانی لەرووی جەستەیی وعەقلی ومیزاجی ورەوشتی.

فەیلەسوف وزانای ناسراوی جیهانی فرۆید گرنگترین بیرۆکە وتیۆرەکانی بلاوکردەوە کەبوە بنەمایەک بۆ ئەنترۆپۆلۆجیەکان بەتایبەتی لەچوارچیوەی دیراسەتە مەیدانییەکان لەکۆمەلگا تڕادیسیۆنەکان. کاریگەری قوتابخانەی فرۆید بە روونی دیارە لەسەر بیروبۆچوونی ڕوت بەنەدیکت لەرووی پەیوەندی کەبتی کولتوری ناهۆشیاری لەلایەک ونەخۆشیەکان ولادانەکانی دەروونی کەلە ناخی رەفتاری تاک جێگیر دەبێ لە لایەکی ترەوە (النوری, هەمان سەرچاوە:81 ).

کەواتە گۆرانی وموزیک دەتوانرێ وەک توخمێکی گرنگ لەکولتور سەیر بکرێ سەبارەت بەبونیادنانی کەسایەتی تاک وبەتایبەتی مندال لەشرۆڤەکردن ولێکدانەوەی رەهەندەکانی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، ئەگەر پشت بەست بین بەبۆچوونەکانی ڕوت بەنەدیکت لە سەر بنەمای تیۆریەکانی فرۆید سەبارەت بەبابەتەکانی کولتور وکەسایەتی. لەبەر ئەمە پێویستە شرۆڤەی ئەم بابەتانە بکەین بەتێروانینێکی ئەنترۆپۆلۆجیانە، لەم بوارەدا ئەنترۆپۆلۆجیای دەروونی بەشداریەکی گرنگی هەیە لەلێکدانەوەو شیکردنەوەی پەیوەندی کولتور بەکێشەکانی دەروونی وئەو شوێنەوارانەی کەکولتور لەسەر تاکەکەس جێی دەهێلێ، کولتور لەوانەیە کەسایەتی ئارام وخۆشگوزەران بەرهەم بێنێ یاخود هەندێ کولتور لەوانەیە کەسایەتی نائارام وتوندوتیژی کۆمەلایەتی بەرهەم بێنێ کەدەبیتە هۆی ترس ودلەراوکێ ونامۆیی ونائارامی، لەئاکامدا تاکەکان توشی چەندین کیشەی دەروونی ودەماری دەکات. کاتێ کەئێمە باس لەکولتور دەکەین یەکێک لەتوخمە گرنگەکانی کولتور هونەری ئەم کۆمەلگایەیە کە لەچوارچیوەی سیاقی ئەم کولتورە بەرهەم دێت کەموزیکیش وەک بەشێک لەم هونەرە بەشداریەکی روون وئاشکرای هەیە لەسەر بونیادنانی کەسایەتی، لەبەرئەمە پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکەین کەموزیک وگۆرانی دەتوانن کاریگەری زۆریان هەبێت لەسەر بونیادنانی کەسایەتی ئارام خۆشگوزەران، هەست وئیدراکی تاک بەجۆرێک بووریژێنێت لەبەرژەوەندی وخزمەتی کۆمەلگا دابێت وسوودبەخش بێت بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەلگا، لەهەمان کاتدا موزیک وگۆرانی دەتوانێ ڕۆلی باش وکارا بگێری لەدروستکردنی کەساکەیەتی نیشتیمان پەروەر وئینتمای بەرزی نیشتمانی لەریگای هەست وئیدراکی تاکەکەس.

یەکێکیتر لەتوخمە گرنگەکانی کولتور کەرۆلێ سەرەکی ئەبینێ لەبونیادنانی کەسایەتی تاک لەکۆمەلگا چەمکی (مەعریفە)یە هەروەک چۆن لە سۆسیۆلۆجیای مەعریفە ئەم چەمکە وەک دیاردەی کۆمەلایەتی وەمەعریفە وەک زانین لەقەلەم دەدرێ بەمانا ئینگلیزیەکەشی واتای (knowledge)دەگەیەنێ وبەپرۆسەیەکی تاکەکەسی بەرهەم دێت لەدەورووبەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، واتە لەژینگەی سروشتی وکۆمەلایەتی کەمرۆڤ تیایدا

دەژیت بەرێگەی ئامرازەکانی هەستیاری لەشی مرۆڤ (چاو، دەم، لووت، گوێ، دەست) وێنایەک لەمێشک دروست دەبێت بۆ ئەم واقیعەی لەدەورووبەری درکی پێدەکات. ئەم پرۆسەیە کاریگەری خۆی دەنوێنێ لە بونیادنانی کەسایەتی تاکەکەس، لەبەرئەمە لیرەدا پێویستە لەروانگەی ئەنترۆپۆلۆجیای مەعریفەدا هەلوەستە لەسەر لێکدانەوەی پرۆسەی مەعریفەی کولتوری، وەچۆنیەتی گواستنەوەی مەعریفە بۆ مێشکی تاکەکەس وبونیادنانی کەسایەتی قۆناغەکانی مرۆڤ هەر لەمنداڵیەوە تا قۆناغی کامل بوون بکرێت. ( میران، ٢٠١٢: ٣٣)

کەواتە لەروانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە پرسی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی وبەکولتوربوونی منداڵ دێتە بەرباس بۆ گفتوگۆکردنی ئەم پرۆسەی پەروەردە وفێرکردنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. مەعریفەی هەرەمەکی یا گشتی فاکتەری سەرەکی وبنەرەتییە مرۆڤ دەکات بەبوونەوەرێکی کۆمەلایەتی لەلایەن یەکەمین دەزگای کۆمەلایەتی کەئەویش خێزانە، ئەگەرچی دەزگای تریش هەیە وەکو خزمایەتی وهاورێیەتی وقوتابخانە ودام ودەزگا ئاینیەکانیش بەشداری باش دەکەن لەم پرۆسەیەی کەناسراوەبە پێگەیاندنی کۆمەلایەتی (Socialization) تاکەکەسی لەکۆمەلگادا (هەمان سەرچاوە: ٣٨).

مەعریفەی کۆمەڵایەتی بەرپرسە لەبونیادنانی جۆرێک لەکەسایەتی ورۆلێکی بنەرەتی دەبێت بۆ پاراستنی سیستەمە کۆمەلایەتییەکان لەکۆمەلگادا. لە راستیدا مەعریفەی رەمەکی لە کەسایەتی هەموو تاکەکەسێک دا بوونی هەیە کە نادیار وهەست پێنەکراوە، هەروەها بۆتە بەشێیکی دانەبراو لەکولتوری کۆمەلگا ولەهەمان کاتدا تێکەلی جۆرەکانی تری مەعریفە بوە لەمانەش مەعریفەی زانستی، فەلسەفی، ئاینی. بۆیە کاتێ باس لەپەیوەندی کولتور ومەعریفە دەکەین گۆرانی وموزیکیش دەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە لەبەشداری کردن لەپێگەیاندنی کۆمەلایەتی تاکەکەس وبەکۆمەلایەتیبوونی منداڵ لەقۆناغە جیاوازەکاندا لەرێگەی پرۆسەی مەعریفەدا ئەم وەزیفەیە جێبەجێ دەکات، ئینجا ئەم مەعریفە رەمەکیە بێت یان جۆرەکانی تری مەعریفە ( میران، هەمان سەرچاوە: ٣٩).

چەمکی مەعریفە پشت بەستە بەچەمکی ئیدراک بۆ وەرگرتنی شتەکان لەدەوروبەر وجێگیرکردنی لەمێشکی مرۆڤ، بۆیە ئیدراک بەپرۆسەیەکی بایۆلۆجی وسایکۆلۆجی دادەنرێ کەپەیوەستە بەلایەنی ووروژێنەر وکارتێکەر بۆ لێکدانەوەی دەرئەنجامەکانی وەلامدانەوە بەرامبەر جیهانی دەرەوەی تاکەکەس ( بدر، ٢٠٠٧ : ١٦).

باسکردن لەبابەتی مەعریفە وئیدراک لەهەریەک لەزانستی ئەنترۆپۆلۆجیا ودەروونناسی هاوبەشن. زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا سەیری پرۆسەی ئیدراک دەکات لەژێر رۆشنایی تیۆری رێژەیی کولتوری کەرۆلێکی

کاریگەری هەبوە بۆ لێکدانەوەی پرۆسەی ئیدراک. زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی جەخت ئەکەنەوە کەپرۆسەی ئیدراک لەگرووپێک بۆ گرووپێکی کولتوری جیاوازە کەدیدی جیاوازیان هەیە بۆ لێکدانەوە وتەفسیرکردنی جیهانی دەورووبەریان. بەواتایەکی تر چۆنیەتی درکپێکردنی مرۆڤ جیاوازە بەرانبەر بەرووداوەکانی سروشتی وگەردوونی کە روودەدەن. ئەم چالاکیانەی کە پەیوەستن بەژیانی تاکەکانی ئەم گرووپە کولتوریە یاخود ئێتنیە، ئەمەش لە ریگای ئەزموونی کۆمەلایەتی کولتوری دەبێت کەمرۆڤ تیایدا تێپەری دەبێت لەژیانیدا. بۆیە لەواقیعدا ئیدراک ومەعریفە دوو چەمکن کە پەیوەستن بە دەروونناسی مەعریفە وئەنترۆپۆلۆجیای مەعریفەوە. ئەگەر سەیری توێژینەوەکانی زانستی سەبارەت بەپەیوەندی نێوان وانەکانی موزیکی وراهێنانەکانی موزیکی لەگەل تواناکانی مەعریفی وزیرەکی وتواناکانی کرداری وتواناکانی مێشکی وماتماتیکی بکەین، ئەبینین کەدەرکەوتوە وانەکانی موزیک وخوێندنی لای مندالان کاریگەری خێراتر وخۆشەویستترە وبۆچونێکی ئەرێنی لەسەر لایەنەکانی مەعریفیدا زیاد دەکات.(Schellenberg 2011).

هەروەها کاتێک سەیری پەروەردەی موزیکی بکەین لەڕوانگەی ئەنترپۆلۆجیەوە وبیبەستینەوە بەڕاهێنانەکانی سوزیکی لەپرۆگرامەکانی موزیکی تایبەت هەروەک فوجیۆکا (2006) ئەو بنەمایانە دەخاتەڕوو کەپەیوەستە بەلایەنەکانی مەعریفی وسلوکی وئیدراکی، پشت بەست بەپرۆگرامی سوزیکی پێی وایە ئەم پرۆگرامە پێویستە پیش کەش بکرێت لەلایەن مامۆستایەکی خاوەن بڕوانامە بەرێکخراوەیی کتێبەکانی پرۆگرامی سوزوکی. وە دەبێت ئەم پرۆگرامە گرنگی بەو مندالانە بدات بۆ تۆمارکردن لەراهێنانەکە لە رووی سلوکیەوە بەهرەدارن ئەم مندالانە بەلاوە بنێت کە بە گوێرەی بەهرەی پیشنیارکراوی موزیکی هەلبژاردراون. هەروەها بەشداری کردنی دایک وباوک لەبەکارهێنانی ئەم میتۆدە ئەو گریمانە پێشکەش دەکات کەمندالان لەپرۆگرامەکە پاڵپشتیەکی هاوشێوەیان هەیە لەلایەن خێزان وهاورێکانیان سەرەڕای پێشکەوتنیان لەڕاهێنانە کرداریەکانیاندا. جگە لەمە ڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەی نۆتەکانی موزیکی لەپرۆگرامەکەدا کاریگەری باشی هەیە لەسەر گۆرانکاریەکانی هەستی مۆتۆری مندالەکە کەراهێنانەکانی مێشکی زانستی دەماری وسلوکی لەخۆ دەگرێت (Fujioka 2006). بەگشتی لەبەر ئەمانە رەخساندنی ئەم ژینگەیەی کەپەیوەستە بەدایک وباوک وخێزان رۆلێکی گرنگی هەیە لەپالپشتییەکی کۆمەلایەتی ودەروونی بۆ مندالەکان، ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی متمانە بەخۆبوون وئارامی دەروونی لای منالان وسەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە وفێردن ودەوڵەمەند بوونی معریفەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی کەڕەهەندی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و نیشتیمان وداهێنانە لەوڵات.

## 4. ئەنجامەکان

1-زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا توانیویەتی زۆرترین خزمەت بەدۆزینەوە وسەرەتای سەرهەڵدان وپێشکەوتنەکانی گۆرانی وموزیک بکات لەنێو پەروەردە وفێرکردندا.

2-گۆرانی و موزیک لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیەوە زۆر گرینگی بەهێورکردنەوە وراهێنانی منالّ بەئارامی ولەسەرەخۆیی دەکات لەنێو پەروەردە وفێرکردن، بەیەکێکە لە گرینگ ترین دەست کەوتە پەروەردەیی یەکان لەتەمەنی سەرەتایی هەژمار ئەکرێن.

3-توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆجیەکان ئەمانەیان پشتڕاست کردۆتەوە کەفراوانکردنی ئاستی معریفی وهزری منالّ بەگۆرانی وموزیک، لە برِی خوێندنەوە ونوسینی ووشە وپیتەکان لەسەرەتای دەست پێک لەبوارەکانی پەروەردە وفێرکردن، لەقۆناغەکانی دایەنگەدا زۆر کاریگەرتر وخێراترە لەکاریگەری فێرکردن ونوسینەوەی پیتەکان.

4- دەتواندرێت هەستەکانی بینین، بیستن، گوتن، جوڵە لەمندالّ لەڕێگەی گۆرانی وموزیک بەرەوپێش ببردرێت لەیەک کاتدا، لەئەنجامی جێبەجێ کردن وپراکتیزەکردنی کاری هونەری.

5- زندوو مانەوە وئاشناکردنی منالّ بەکەلتور، داب ونەریت، زمان، ئاین، نیشتیمان لەڕێگەی گۆرانی وموزیک لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیەوە بەسەرکەوتووترین هەنگاوەکانی چەسپاندنی زانیاری هەژمار ئەکرێن لەناوەندەکانی خوێندن.

## 5. ڕاسپاردە و پێشنیار

1 – بەکارهێنانی گۆرانی وموزیکی فۆلکلۆری ومیللی لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن هاوکاریکەرێکی سەرەکیی دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی معریفەی تاک.
2 – بەهێزکردنی کەسایەتی بەهێز لەمندالّ بەهۆی ڕاهێنان وپەروەردەکردنیان بەگۆرانی وموزیک لەقۆناغەکانی داینگە وباخچەی ساوایان.
3 – تەرخانکردنی هۆڵ وتاقیگەی موزیکی لەنێوەندەکانی پەروەردە وفێرکردن بەشدار دەبن لەبەرەوپێشبردنی فێرخوازان و ڕێژەی ئارەزووی خوێندن.
4 – بەنۆتەکردن وشیکردنەوەی گۆرانی وموزیکی فۆلکلۆری ومیللیە کوردیەکان وبەکارهێنانیان لەمیتۆدی خوێندن لەپەروەردە وفێرکردن، بەمەبەستی خزانە ناوەوەی داب ونەریت و ڕاهێنانی مندالانە لەقوتابخانەکان.

## 6. لیستی سەرچاوەکان


1. المطلق، فرح سليمان، 2010:التربية الموسيقية مرحلة التعليم الاساسی الصف الاول، سوريا.
2. اسعد محمد على: بين الادب والموسيقى، دار افاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
3. محمد، وفاء عبدالسلام و عباس، خالد حسن، ٢٠١٦: دليل المعلم التربية الموسيقية، للصفوف الثلاثة الاولى، من المرحلة الابتدائية، قاهيرة.
4. أحمد أبو هلال: الانثروبولوجيا الثقافية، طبعة أولى، جمعية عمال المطابع التعاونة ، عمان،1974، ص9.
5. عبد الله الرشدان، علم الاجتماع الثقافي ، طبعة أولى ، دار عمار للنشر – عمان ، 1984، ص25 .
6. قدوری، حسين، 1987: الموسوعة الموسيقية الصغيرة ، المكتبة الوطنية ،بغداد.
7. مطر، إكرام، 1982: نظريات الموسيقى الغربية والصولفيج والايقاع الحركي والألعاب الموسيقية والطرق الخاصة، دار الطباعة القومية ،القاهرة.
8. الحجاج، يوسف، ٢٠١٩: مهارات وطرق تدريس التربية الموسيقية للأطفال، دار العماد للنشر والتوزيع.
9. الاحمد، ردينة عثمان ويوسف، حذام عثمان، ٢٠٠٨: طرائق التدريس (منهج، أسلوب، وسيلة)، دار المنهج للنشر والتوزيع السلسلة كتب تربوية، الطبعة2، مجلد1.
10. احمد، على شعبان، ٢٠٠٤: طرق التدريس و الصعوبات التى يواجها معلمى التربية الموسيقية وكيفية التغلب عليها.
11. احمد على مرسى: مقدمه فى الفولكلور، دار روتابرينت للطباعة، قاهره، ٢٠٠١.
12. محمود، حسين بشير و الوكيل، حلمى احمد، ٢٠٠٥: الاتجاهات الحديثة في تخطيط وتطوير مناهج، دار الفكر العربى، القاهرة .
13. الياس، سيمون يعقوب الخورى، ٢٠١٣: التجربة السورية في تأليف مناهج التربية الموسيقية لمرحلة التعليم الاساسي، كلية التربية جامعة دمشق، المجلة الاردنية للفنون، مجلد ٦، عدد١، سورية.
14. غوانمه، محمد، ٢٠٠٨: التجربه الاردنيه فى تأليف مناهج التربيه الموسيقيه، صفاقس، تونس.
15. كمون، هيمان، ٢٠٠٨: منزله ماده التربيه الموسيقيه فى النظام التربوى التونسى، الملتقى الوطني للمعاهد العليا للموسيقا (الدوره الثانية)، جامعه صفاقس.
16. بدر، شيرين عبداللطيف احمد، ٢٠١٤: بعض التقنيات التكنولوجية في اغنية الطفل العربى الدينية الملحنة فى مقامات عربية، المجلة الاردنية للفنون، مجلد٢٦، العدد١٨، الاردن.
17. عبدالله، علي، ١٩٩٩: دراسات موسيقية، طبع في مطابع دار الشئون الثقافية العامة – بغداد.
18. محفوظ، حسين على، ١٩٧٧: قاموس الموسيقى العربية، دار الحرية للطباعة، بغداد.
19. طارق حسون فريد: نظريات وطرائق تحليل الموسيقى العربية، بغداد، 2005.
20. الهاشمي، أحمد، ١٩٧٩: ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، مكتبة المتنبي، بغداد.
21. ميخييفا، ٢٠١٤: القاموس الموسيقى في حكايات، دارعلاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، سوريا ديمشق.

22.الجزراوى، مهيمن ابراهيم، ٢٠٠٤: الخصائص اللحنية والايقاعية في الاغاني المرافقة للمقام العراقي، مطبعة الانعام ، بغداد.
23.ابراهيم، مهدى، ٢٠١٤: مباديء العلوم الموسيقية، دارعلاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، سوريا ديمشق.
24.الزهوري، بهاء الدين، ٢٠٠٢: المنهج التربوي الإسلامي للطفل، ، مطبعة اليمامة، حمص – سوريا.
25.محجوب، عباس، ١٩٧٨: أصول الفكر التربوي في الإسلام، دمشق، دار ابن كثير، سوريا.
26.محمد عبدالهادى دبيان: العلاقة بين الموسيقا العربية والموسيقا العالمية عبر العصور، مطبعة المليجى بالجزيرة، ١٩٩٧.
27.الخمشي، سارة صالح عيادة، ١٩٨٠: دور التربية الأسرية في حماية الأبناء من الإرهاب، السعودية.
28.أحمد، محمد حسين، ١٩٨٦: الأهداف التربوية للعبادات في الإسلام، رسالة لنيل درجة الدكتوراه في التربية، كلية التربية، جامعة طنطا، قسم أول التربية، غير منشورة.
29.يوسف، بديوي وقاروط، محمد محمد، ٢٠٠٣: تربية الأطفال في ضوء القرآن والسنة، دمشق، دار المكتبي.
30.اسماعيل الفاروقى: الاسلام والفن، دار غريب للطباعة والنشر، قاهرة ١٩٩٩.
31.فەرهاد پیربال: مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠.
32.عومر، محمد عبدالله، ٢٠٠٩: لێکدانەوە لەمانای ئەربیل، ئنسکلۆپیدیای هەولێر، جوگرافیا، چاپخانەی گرین.
33.سەبعاوی، عونی عبدالرحمن، ٢٠٠٨: هەولێر لەسەردەمی ئاشوریەکاندا، ئنسکلۆپیدیای هەولێر، مێژووی کۆن، چاپخانەی گرین گالەری، لوبنان.
34.چاوشلی، هادي رشيد، ١٩٨٥: تراث اربيل التاريخي، مطبعة جامعة الموصل.
35.حسن، مولود ئبراهيم، ٢٠٠٩: هەولێر مێژوو وناو، ئنسکلۆپیدیای هەولێر، جوگرافیا، چاپخانەی گرین گالەری، لوبنان.
36.جان تۆماس کۆیی: ڕەزمەکانی مۆسیقای کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٨.
37.ئەسعەد محمد عەلی: گۆرانی فۆلکلۆری چەمک و تایبەتمەندیەکانی، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠١٠.
38.جەلیل ئازید: تیۆری موزیک، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٦.
39.صلاح رؤوف: تیۆرەکانی مۆسیقا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سۆمەر، ١٩٨٩.
40.نيللى محمد العطار: العلاج بالموسيقى، مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع، الاسكندرية، ٢٠١٢.
41.جەمیلە جەلیل: گۆرانیە میللییە کانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
42.ايركسون، توماس و نيلسون، سيفرت. (2013). تاريخ النظرية الانثروبولرجية. ت: لاهاى عبدالحسين. منشورات الاختلاف. الجزائر.
43.النورى، قيس. (1981). الحظارة و الشخصية. بغداد. وزارة التعليم العالي و البحث العلمي.
44.بدر, يحي. ( 2007 ). اصول علم الانسان. الانثروبولوجيا (الجزء الثاني). الاسكندرية. دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر.
45.العثمان. وسام. (2002). المدخل الى الانثروبولوجيا (الطبعة الاولى). دمشق. الاهالي.

46.المصمودي, محمد. (2017). اثنوموسيقولوجيا-أنثروبولوجيا الموسيقى: الموسيقى أولا ام الانسان؟ المركز التونسي للنشر الموسيقي .
47.میران، رەشاد. ( 2012 ). مەعریفە لە روانگەی سۆسیۆلۆگیای مەعریفەوە. هەولێر. چاپخانەی ئاراس.
48.قباري محمد اسماعيل : : علم الاجتماع الثقافي ، طبعة أولى ، منشأة المعارف بالإسكندرية ، 1977 ، ص14 .

## 1.6 سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان

49. Fujioka, Takako. 2006. One year of musical training affects development of auditory cortical-evoked fields in young children.Oxford University Press. Toronto.

50. Merriam, P. Alan. 1964. The Anthropology of Music (1st edition). Northwestern University Press. Evanston.

51.Mueller, E. Klaus. 1998. Ethnologie. Einfuerung und Ueberblick (hrsg. von Hans Fischer). Reimer. Berlin.

52.Schellenberg, E. Glenn. 2004. Music Lessons Enhance IQ. (psychological Science Journal), pp. 511-514.

53.Schellenberg, E. Glenn. 2011. Examining the association between music lessons and intelligence. (British Journal of psychology), pp. 283-302.

54.https://ar.wikipedia.org/wiki
55.https://ar.wikipedia.org/wiki
56.https://mawdoo3.com/
57.https://mawdoo3.com/
58.https://ctum.com
59.http://ar.wikipedia.org/wiki
60. https://ar.dictionaryapps.com/definici-n-de-uso

جامعة صلاح الدين / اربيل

كلية الفنون الجميلة

قسم الموسيقى

# دور الاغاني والموسيقى في عملية التربية والتعليم

# (دراسة الأنتروبولوجية)

م.چيايى كمال سعدي

مدرس في كلية الفنون الجميلة - جامعة صلاح الدين - اربيل

Chiey.saddi@su.edu.krd

009647704484557

ب.ى. د. دلاور مصطفى محمد

مدرس في كلية الفنون الجميلة - جامعة صلاح الدين - اربيل

dlawer.muhammad@su.edu.krd

009647504456382

ب.د. ناصر هاشم بدن

بروفسيور في كلية الفنون الجميلة - جامعة البصرة - العراق

Nasserbadan60@gmail.com

009647712569920

- دراسة (مستلة) في اطروحة الدكتوراه بعنوان "الاغانى والموسيقى واستخدامهما في العملية التعليمية في مدارس الابتدائية " في جامعة صلاح الدين، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى.

# دور الأغاني والموسيقى في عملية التربية والتعليم (دراسة الأنتروبولوجيا)


## ملخص

في هذا البحث تم التأكيد على أهمية الأنثروبولوجيا والتنمية في مجال الاغانى والموسيقى الكردية في عملية التعليم. من أجل الاستفادة أكثر من هذا العلم ، تمت مناقشة المسارات الفلسفية والنظريات والأفكار والآراء كل من (أرسطو، أفلاطون، كايزر، برونيسلاف مالينوفيساكي، راد كلاين براون، رود بنديكت، ميلر ...) والعديد من المدارس والشخصيات والعلماء التربويين وعلماء الموسيقى والبحوث التفصيلية. كما هو واضح، فإن الفن بشكل عام، والاغانى والموسيقى خاصة، لها تأثير مباشر وغير مباشر على الاحساس والعواطف والمشاعر والمعرفة لدى الفرد بشكل عام والأطفال بشكل خاص. كما تم التاكد على أفضل الأساليب التعليمية و أداء والموضوعات الموسيقية في المدارس الابتدائية.

ثم تحدثنا عن حل المشكلات من خلال عرض نظريات وآراء كل من العلماء المذكورين أعلاه. كل ذلك تم إنجازه من خلال مواضيع مهمة في مضمون البحثنا لتطوير الموسيقى الكردية وتعريفها من قبل الجيل الجديد وتثقيفهم. العناصر هي: الاتجاهات النظرية التي تصبح هذه الأقسام أولا / اتجاه انتشار الثقافية، ثانيا / اتجاه الوظائفية الثقافية، والتى هي: الوظائف النفسية و الوظائف الفكرية التربوية. الوظيفة الاجتماعية.

في نهاية الدراسة ، يركز أيضا على الاتجاه الثقافي للمعرفة. وفي نهاية البحث قام الباحثون بعرض النتائج، كما تم تقديم بعض المقترحات والتوصيات للجهات ذات العلاقة ومن بعدها الباحثين لإيلاء المزيد من الاهتمام لقضية التغيير الوطني والموسيقى وتحذير المسؤولين السياسيين والحكوميين من أهمية استخدام التغيير الوطني والموسيقى. فريلكلوري الأمة في عملية التعليم ، مع تنظيم قوائم هامشية والموارد المستخدمة.



الكلمات المفتاحية: الاغانى، الموسيقى، التعليم، التربية، الأنتروبولوجيا

# The importance of songs and music in the process of education from the point of view of anthropology


## Summary

In this research, the importance of anthropology and development in Kurdish songs and music in the education process was emphasized. In order to benefit more from this science, philosophical paths, theories, ideas and opinions were discussed (Aristotle, Plato, Kaiser, Bronislaw Malinovicaki, Rad Klein Brown, Rod Benedict, Miller ...) and many schools, personalities, educational scientists, music scientists and detailed research. As is clear, art in general, songs and music in particular, have a direct and indirect impact on the feelings, emotions, feelings and knowledge of the individual in general and children in particular. The best educational methods, performance and musical subjects in primary schools have also been confirmed.

Then we talked about solving problems by presenting the theories and opinions of each of the above-mentioned scientists. All of this has been accomplished through important topics in the content of our research to develop Kurdish music, introduce it to the new generation and educate them. The elements are: theoretical trends that become these sections first / the trend of cultural spread, secondly / the direction of cultural functionality, which are: psychological and intellectual educational functions. Social function.

At the end of the study, it also focuses on the cultural trend of knowledge. At the end of the research, the researchers presented the results, and some proposals and recommendations were made to the relevant authorities and then the researchers to pay more attention to the issue of national change and music and warn political and government officials of the importance of using national change and music. Frilchlori nation in the education process, with marginal lists and resources used.



Keywords: Song, music, education, Learning, anthropology